


# یەکبوون

## کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەش کراوە

November : 2012 یەکبوون ژمارە : ٣٢ سەرماوەزی ٢٧١٢




# نابۆ توندوتیژی دژی ژنان

R.N


* وەهمی یەکرێزی نەتەوەیی......... د.یاسین سەردەشتیی.......... لاپەرەی ........ ٢
* بەیاننامەی نەهێشتنی توندو تیژی دژی ژنان .......وەرگێران لە فارسی یەوە قادر وریا ... لاپەرەی. ٤
* سیمبۆلی "ئاڵا" و "نیشتمان " لە شیعری پەشێو دا .....هەڵۆ محەممەد ........لاپەرەی ٧
* پارتیزان کێیە؟ .......... نووسینی چێ گوارا وەرگێران بۆ کوردی هیوا ئەمانی .... لاپەرەی ٩
* مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆماری تورکیا و مکانیزمەکانی دەسەڵاتداری لە دوێنی و ئەمڕۆ دا.. .هیوا پەناهی .. .لاپەرەی ١١
* پرسە نەتەوەییەکان و چینایەتیەکان لەم دەورانە دا .....ئاسۆ حامدی...........لاپەرەی ١٣
* زانست ................. لە ویکیپیدیا .......... لاپەرەی ١٥
* پەیوەندیی نێوان رەوشت و نەریت و لێبووردەیی .............. جوانە ئەسوەد .......... لاپەرەی ١٧
* سەرکۆمارە کانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا ......... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ........ لاپەرەی ١٨
* رۆژژمێری مانگی سەرماوەزی ٢٧١٢ی کوردی .......... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ..... لاپەرەی .... ٢٠


سەرچاوە
Serchawe

# وەهمی یەکڕیزی نەتەوەیی

د. یاسین سەردەشتیی



ماوەیەکە هێندێک لەبەرپرسە حیزبییەکانی کوردستان و بەشێکی زۆر لە قەڵەمبەدەست و میدیاکانیان، کەوتونەتە چەند بارەکردنەوەی بەردەوامی چەمکی "یەکڕیزی نەتەوەیی"و بەڕاست و چەپدا باس لە پێویستیی راوەستانی تێکڕای نەتەوەی کورد لەیەکڕیزدا دەکەن وەک ئەوەی یەکڕیزی نەتەوەیی سەرەی ریزی نانەوخانە یان وەستان لەپشت پەنجەرە ژەنگاوییەکانی دائیرەکانەوە بێت! بێئەوەی هیچ ئاگایەکیان لە ساکارترین مانای ئەو چەمکە بێت و تاکە هەنگاوێکیان بۆ بەدیهێنانی هاویشتبێت. ئاشکرایە کە سەرەتای جوڵانەوەی چەکدارانەی کورد وەک کاردانەوەیەک دژی ستەمی داگیرکەران بۆ زیاتر لەسەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێتەوەو کە هێشتا کۆمەڵگای کوردیی لەقۆناغی پێش مۆدێرنەو سەرمایەداریی بو، هێزو وزەی بەرەنگارییشی لەنێو دواکەوتوترین خێڵە رەوەندو کۆچەرییە شوانکارەییەکانی کوردی وەک شکاک و جەلالی و هەمەوەندو پشدەرییەکان وەردەگرت. پاشتریش کە رێکخراوە سیاسییەکانی کوردو رەگەزە مەدەنییەکان ئاڵای نەتەوایەتیی کوردیان گرتە دەست نەیانتوانی تا کۆتای سەدەی بیست و بەئێستاشەوە سیاسەتی خێڵەگەرایی فەرامۆش بکەن. حیزب رۆڵی خێڵ و مەکتەب سیاسیەکانیش رۆڵی دیوەخان و سەرکردەکانیش رۆڵی ئاغایان بینی. شایەنی باسە ناتوانرێت پێش دروستبونی پرۆسەی بەنەتەوەییبون باس لەیەکڕیزی نەتەوەیی بکرێت، نەتەوەسازیش پرۆسەیەکە تەنیا خۆی لەدروستبونی رێکخراوی سیاسیی و تەیارکردنی کۆمەڵانی خەڵک لەسایەی دروشمی قەبەدا نابینێتەوە، ئەوەندەی پشت بە ئاراستەکردنێکی سەرکەوتوانەی جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و کارکردن بە میکانیزمێکی هاوچەرخ دەبەستێت بۆ هەڵکردنی باڵ و رەوتە جیاوازەکانی نێو خودی جوڵانەوەکە لەسایەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و هەڵسورانی سیاسیی لەچوارچێوەی سیستمێکی هاوچەرخی دامەزراوەیی دیموکراتی نیشتیمانییدا. هەربۆیە زێدەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین بەدرێژایی مێژوی کوردو جوڵانەوە بەرگرییخوازانەکەی نە لەسەر ئاستی تەواوی کوردستان و نە لەسەر ئاستی بەشەکانی کوردستانیش یەکڕیزییەکی نەتەوەیی راستینەی پتەو نەبینراوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەئاکامی پەرتەوازەیی و دابەشبونی قوڵی جیۆگرافیی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردیی و ناکۆکیی و دوژمنایەتیی شەخسیی‌و حیزبی لەنێو هێزە سیاسییەکانیدا لەجیاتی یەکڕیزیی نەتەوەیی هەمیشە دابڕان و چەند دەستەیی و یەکتر سڕینەوە هەژمونی خۆی بەسەر جوڵانەوەکەدا سەپاندوە و زەقترین نمونەکانیشی دەستخستنە خوێنی کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و خولە زۆرو زەوەندەکانی شەڕی ناوخۆی حیزبەکان، نەک هەرئەوە بەڵکو کارگەیشتە پێشێلکردنی هەمو حەرامکراوەکان و بەزاندنی هەمو ستاندەرێکی تاوان و گرتنی دەستی بێگانە و هێنانی سوپای داگیرکەرانی بێگانە، بە ئەنفالکەرانی بەعسیشەوە لە 31ی ئابدا، بۆ نێو خاکی کوردستان، کە هێندێک لە پاشماوەی ئەو سوپایانە هێشتا "میوانی شکۆمەندی" نیشتیمانە رەنگینەکەمانن!

بەهەر حاڵ، لە مێژوی جوڵانەوەی چەکدارانەی گەلی کورد دا چەند ساتێکی کەمی مێژویی هەن کە جۆرە لێکئاڵانێکی سۆزەکیی رێژەیی نەتەوەیی دەبینرێت لەبەشێک یان لەنێوان چەند بەشێکی کوردستاندا، نمونەش بۆ ئەمە: گەڕانەوەی شێخ مەحمود لەهیندستانەوە بۆ سلێمانی، هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و بەشداریی کوردەکانی باشور لەو کۆمارە، گەڕانەوەی مەلامستەفا لە شورەوییەوە بۆ کوردستان، بەشداری کوردانی رۆژهەڵات لەسەرەتای جوڵانەوەکەی ئەیلولدا، راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ...هتد. هەر لێرەدا دەبێت ئاماژە بەو رەگەزە بنەڕەتییانە بدرێت کە زەمینەی هەڵگیرسان و بەردەوامیی جوڵانەوەی کوردیان رەخساندوە، گرنگترینیان:

١- داگیرکردنی کوردستان و ستەم و زۆرداری دەوڵەتە بێگانەکان کە کاردانەوەی دەخولقاندو خەڵکی ناچار دەکرد راپەڕێت و بەرەنگاربێتەوە، ئەوەی سەرگوزشتەی زۆری راپەڕینەکانی سەدەی نۆزدە و بیستە.

٢- بونی نایەکسانیی و جیاوازییەکی گەورەی شێوەی ژیان لەنێوان کوردستان و ناوچە عەرەبییەکان لەعێراق، ئەوەی پێی دەوترێت (uneven development/ پەرەسەندنی ناهاوتا) {کاتێک لەساڵی ١٩٨٧دا خوێندکاری زانکۆ بوم لەبەغدا سەرنجی باڵەخانە بەئاسمانداچوەکان و پاسی دوقات و شانۆی گەورە و شەقامە پانەکانی بەغدام دەدا و گڕمدەگرت و پێموابو هەموی بە پارەی کوردستان و نەوتی کەرکوک کراوەو لەگەڵ دواکەوتوی شارەکانی کوردستان بەراوردم دەکرد}.

٣- رۆڵی وڵاتانی هەرێمیی و ململانێیان بۆ بەکارهێنانی کارتی کوردیی (لەسەردەمی کۆمەڵەی خۆیبون و کۆمەڵەی زەردەشتەوە ئێران دەستی لەجوڵانەوەی کوردییدا هەیەو دواتریش لەجوڵانەوەی ئەیلول و هەروەها پاش جەنگی عێراق- ئێران، ساواک و ئیتلاعات و قەرارگاکانی رەمەزان و حەمزە سەرقاڵبون پێمانەوە!، تورکەکانیش هەر لەسەرەتاوە لە جوڵانەوەکەی شێخ عوبەیدوڵلاوە دەستیانپێکردوە و لەدوای راپەڕینی ١٩٩١کیشەوە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، لەرێگەی بەکرێگیراوەکانیانەوە کارمان لەسەر دەکەن.

٤- نەبونی دابەشبونی چینایەتییەکی قوڵ لەنێو کۆمەڵگای سوننەتیی کوردیی و بونی هاوبەستەگییەکی ساکاری خزمایەتیی و خێڵەکیی لەگوندەکان و ساکاریی شێوەی ژیان و نەبونی جیاوازیی چینایەتیی بەرین لەشارەکان. هۆکارگەلێکی بەوچەشنە کەوایکردبو وێڕای هەمو ناکۆکیی و پەرتەوازەییەکان جۆرێک لە سۆزو جۆشی نەتەوەیی لای تاک و کۆمەڵگە لەو ساتەوەختانەی ئاماژەمان پێدا هەستیان پێبکرێت.

هەربۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسین کە پاش راپەڕین و دامەزراندنی کارگێڕیی کوردیی لەباشوری کوردستان چی قەوما وا بەجارێک کێرڤی سۆزی نەتەوەیی بەتوندیی داکشاوە بەچەشنێک ئەو هەمو دەهۆڵکوتانە بۆ یەکڕیزی نەتەوەیی بێهودە بێت و بەجۆرێک مایەی سەرسوڕمانی هێندێک لە سەرکردەکانیش ببێت؟ لەڕاستییدا، دوای راپەڕین و رزگاربونی باشوری کوردستان و رۆیشتنی دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس، فاکتەری یەکەم لەنێودا نەماو کۆمەڵانی خەڵک لەجیاتی بەعس خۆیان لەبەردەم دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا بینیەوە، لەدوای ٢٠٠٣ شەوە کە رژێمی بەعس روخاو سەدام لەسێدارەدراو لەرێگەی دەنگدان بەدەستوری عێراق کە پرۆسەی پارتی و یەکێتی بو، ئیدی ئێستا سوپاس بۆ خوا هەمو کوردی باشور بەویستی خۆی عێراقییەکی سەربەرزە و پاش ئەوەی سەرۆکی کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پارلەمان و پۆستە هەرە باڵاکان بەدەست کوردەوەیە، چی وای لێدەکات بڕوای بە عێراقی ئاشتیی و برایەتی کورد و عەرەب نەبێت و شوناسی عێراقییبون شوێن بە شوناسی کوردبون و کوردایەتیی لەق نەکات! هەروەها پێویستە بوترێت کە لەئاکامی لابردنی گەمارۆی ئابوریی و وەرگرتنی ١٧% بودجەوە لە پاش ٢٠٠٣ پەرەگرتنێکی ئابوریی ناهاوسەنگی خێرای بێبەرنامە

سەرچاوە
Serchawe

لەکوردستاندا دەستپێیکرد و بەهۆی وێرانکاری جەنگی عێراق و ئەمەریکاو هەڵگیرساندنی شەڕی تائیفی لەعێراق، چیدی ناوچە عەرەبییەکان ئەو ناوچە گەشەسەندوە پێشکەوتوە نەبون کە تاکی کورد لەکاتی بەراوردکردندا ئیرەییان پێبەرێت، بەڵکو جەنگی تایفی ئەو ناوچانەی کردە هەرێمێکی مەنکوب و مایەی بەزەیی. ئەوەش وایکرد فاکتەری دوەمیش فت بێت.

ئەگەر فاکتەری سێیەم بەدرێژایی مێژوی جوڵانەوەی چەکدارانەی کوردیی هۆکارێکی هاندەر بوبێت بۆ خۆڕاگریی و وزەی دابێت بە جوڵانەوەکە، ئەوە بەدڵنیاییەوە لەهەمانکاتدا گورزێکی کوشندەش بوە لە مەسەلەی یەکڕیزی و هاوبەستەگیی نەتەوەیی. نەهاوکارییەکانی ساواکی ئێران بۆ جوڵانەوەکەی ئەیلول، نە هاوکارییەکانی قەزافی و ئەسەد و کۆماری ئیسلامی و سوپای تورکیا بۆ هێزە سیاسییە کوردییەکان لەهەشتاکان و نەوەتەکاندا لەپێناو کوردو یەکڕیزیی نەتەوەییدا بوە، بەڵکو لەپێناو بەکارهێنانی ئەو هێزانەبوە وەک کارتێکی فشار دژی دوژمنە نێوخۆیی و هەرێمییەکانیان و هێندێک لەو هێزانەش تارادەی نۆکەرایەتیی بەدەم ئەو وڵات و لایەنە دەرەکییانەوە چون و مێژوش دەیان نمونەی جۆراوجۆری تێدایە بۆ هەرکەس بیەوێت پەندی لێوەربگرێت.

سەبارەت بە فاکتەری چوارەم، دەتوانم بڵێم لەپاش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ بەگشتی، پاش کەوتنی ڕژێمی بەعس و هاتنی سوپای ئەمەریکا بەتایبەتی، کۆمەڵگەی سونەتیی کوردیی لەسایەی دەسەڵاتێکی ناشایستەی بێباکی حیزبە میلیشیاییە ناکۆکەکاندا ڕێگەی هەورازێکی سەخت و قۆناغێکی ڕاگوزەری پڕ مەترسییداری گرتۆتەبەر، کە لەجیاتی هاوسۆزیی کۆمەڵایەتیی، ڕق و لەبری هاوبەستەگیی نەتەوەیی، چەند دەستەگیی زیاتری هێناوەتەئارا. شایەنی باسە، پرۆسەی نەتەوەسازیی و یەکڕیزی نەتەوەیی تەنیا بەرزگاربونی خاکی نەتەوەیی ناگاتە دواقۆناغ، تەنانەت دامەزراندنی دەوڵەتیش زامنی ئەو یەکریزییە ناکات، هەروەک لەوڵاتانی وەک چیکسلۆڤاکیاو سودان و یەکێتی شورەوی پێشو چەندین دەوڵەتی دیکە بینراوە. یەکڕیزی نەتەوەیی زادەی هێنانەئاراو گرتنەبەرو ئاراستەکردنی شێوەژیانێکی هاوسەنگی ئابوریی و کۆمەڵایەتییە لەکۆمەڵگایەکی هۆشیارو لەسایەی سەرکردایەتییەکی ڕۆشنبیری یەکگرتوی دڵسۆزو سیستمێکی سیاسیی هاوچەرخدا کە لەچوارچێوەی مافەکانی هاوڵاتی و بەرژەوەندیی نیشتیمانییدا هەڵسوڕێت. شایەنی باسە، دابەشبونی قوڵی چینایەتیی و نایەکسانییەکی مەزنی مادیی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتیی کە سەرچاوەکەی لەگەندەڵکاری سیاسییە و کارگێڕیی و داراییەوە هەڵدەقوڵێت، مەزنترین لەمپەرو دوژمنی سەختی مەسەلەی یەکڕیزی نەتەوەییە، باشترین نمونە لەمێژودا شکستی ڕابەرانی نەتەوەیی چین (سەن یات سن و چیان کای شیک) بو لەهێنانەکایەی یەکڕیزی نەتەوەیی لە کۆمەڵگایەکی دابەشبوی چینایەتیی کشتوکاڵی لە چین (پێچەوانەکەشی شکستی کۆمەڵە بو لە گوندو نێو کۆمەڵگەی لادێنشینی ناپەرەسەندوی کوردستانی هەشتاکاندا)، هەربۆیە ئەوە ماوسیتۆنگ بو، لەرێگەی ئایدیۆلۆجییە رادیکاڵە چینایەتییەکەوە گوندنشینانی تەیارکرد و ڕێکیخستن و بەرە و سەرکەوتن ئاراستەی کردن. لەباشوری کوردستاندا، لە ماوەی 21 ساڵی پاش ڕاپەڕین، هەلومەرجی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی و فەرهەنگیی لەسایەی دەسەڵاتداریی حیزبە میلیشیاییەکان بە ئاقارێکی فرە مەترسیدار دا گوزەری کردوە. سەرکردایەتیی ئەو حیزبانە پەرتەوازەیی کۆمەڵگەی کوردییان بۆ بەدیهێنانی دەسەڵات و بەرژەوەندی شەخسیی بۆ خۆیان قۆزتەوەو هێندەی دیکە هێزو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیان بەگژ یەکدا کرد، بەقۆرخکردنی سامان و داهاتی ئەم وڵاتەو بەخشینەوەی بەسەر دەستوپێوەندەکانیان و دەرپەڕاندنی ئەوانەی بەخزمەتکاریی و ملکەچیی ڕازیی نەبون، هەزاران لاوانی وڵاتیان ناچارکرد سەری خۆی هەڵگرێت و ڕێگای هاتونەهات بگرێتەبەر، هەزارانیان لەشەڕی براکوژیدا ڕەوانەی مەرگ کردو جارێکی دیکە چین و توێژە دابەشبوەکانی شارو گەندەکانیان لەسەر بنەمای هاوکێشەیەکی هێزە سیاسییە پەرتەوازەکاندا دابەشکردەوە.

نادادپەروەریی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی لەسایەی دەسەڵاتە حیزبییەکاندا بەجۆرێکە چینی ناوەڕاست بەرەو داتەپێنێکی خێرا دەڕوات، کەمینەیەکی هەلپەرست و خودخوا سەریان لەبنمیچی ئاسمان توندکردوەو دەستیان بەسەر سامانی سەرزەوی و بن زەویدا گرتوە. ئەوانەی لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بونەتە یەک شەوە و دەرفەتی هەڵتۆقینیان بۆ ڕەخساوە لەمپەری ڕاستیینەی بەردەم یەکڕیزی نەتەوەیین و ئەگەر بیانەوێت یەکڕیزییەک دروستکەن ئەوا تەنیا دەتوانن لە دەستەکانی وەک (پیاوەکانی ڕژێمی پێشوی بەعس، ئاودیوکەرانی کەمپاین و شۆڤڵ و عەمودو محاویلە کارەباییەکان، قاچاخچییەکانی نەوت، بازرگانانی دەرمانی بەسەرچو، ساغکەرەوانی خۆراکی ئێکسپایەر، دۆنمفرۆشە بێقەواڵەکان، تۆڕەکانی فڕاندن و هەڵکوتانە سەر ڕۆژنامەنوس و ڕۆشنبیرە ئازادیخوازەکان، سوتێنەرانی بارەگا حیزبییەکان، ژمارەیەکی باشیش لە پیرەمێردو پیرێژنە لەگوێی گادا نوستوەکان...هتد) کەژمارەیەکی کەم نین لەکۆمەڵگاداو بەرژەوەندی هاوبەشیش کۆیاندەکاتەوە، یەکڕیزییەکی پتەو پێکبهێنن.

دەشێت لەپرۆسەی جوڵانەوەی ڕزگارییخوازی گەلاندا سەرکردەگەلێک ببنە کارێزماو هۆکارێک بۆ هێنانەکایەی یەکڕیزی نەتەوەیی، بەڵام ئەوە ئاکاری ئەو سەرکردانەیە دوای ڕزگاریی کە ڕۆڵیان لەیەکڕیزی نەتەوەییدا دەنەخشێت و بەوەش دەبنە سیمبول، نمونەش وەک گاندی و ماندێلاو ماوسیتۆنگ...هتد، ئەوانەی کە بەداخەوە نمونەیان زۆر نین لەچاو ئەو سەرکردانەی کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکان بەپەیڕەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەدا هەڵئەزنێن و دەبنە دیکتاتۆرو لەرێگەی تۆقاندن و ئیرهابی دەوڵەت و لەسایەی حوکمی بنەماڵەیی و هەڵگرتنی دروشمی قەبەو هاشوهوشی میدیا بەردەستەکانیەوە لەجیاتی یەکڕیزی نەتەوەیی، بێدەنگی نەتەوەیی دەسەپێنن.

ڕاستییەکی زۆر گرنگ هەیە کە دەبێت لەم بارەیەوە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە لەبەرئەوەی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان پەرەسەندنی جیاوازی ئابوریان تەیکردوە، هەربۆیە نەتەوایەتیی کوردیی بەگوێرەی هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان دیدو بڕوای جیاوازی گرتۆتەبەر. ڕادەی فراوانبون و پەرەسەندنی کشت و کاڵ و پیشەسازیی، هەروەها پەیوەندییەکانی بازاڕ لەنێو کۆمەڵگەدا هانی پەیوەندییگەلێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دەدات لەنێو کۆمەڵگەدا. شیکارییەکی ڕێکخراوەی سیاسییە کوردییەکان لەهەرێمە جیاوازەکاندا بەڵگەو نیشانەی ئەوەن کە چۆن ئابوریی و ئاکاری سیاسیی پێکەوە دو ڕوی تەریب بەیەکن. هەربۆیە دەتوانین بڵێین تێڕوانینی هێزێکی سیاسیی بنەماڵەچیی کۆنسێرڤات کەپێی وایە نەتەوەی کورد تاکە چینێکەو هەرکات بیەوێت دەتوانێت لەپشتی حیزبی قائیدو سەرۆکی فەرماندەوە بەفیکەیەک ڕیزیان بکات، جیاوازە لەهێزێکی نەتەوەیی لیبراڵ ڕادیکاڵ یان هێزێکی سۆشیالیستی کە نەتەوایەتیی "چینی چەوساوە"ی بەبنەما گرتوە و پێی وایە چارەسەرکردنی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و هەڵگرتنی ستەمی نێوخۆو کۆتاییهێنان بەشێوازی فەرمانڕەوایەتیی کۆلۆنیالیزمی بنەماڵەیی و بیرۆستڕۆیکای خێڵەکیی،هەروەها دابەشکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی خولقێنەری یەکڕیزی نەتەوەییە. هەربۆیە پێم وایە تائەو کاتەی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی بەقازانج و بەرژەوەندیی توێژێکی بەرتەسکدا ببرێت، تا ئەوکاتەی گەندەڵیی وەک گانگرین تەواوی بوارەکانی سیاسیی و ئابوریی و کارگێڕیی و فەرهەنگیی و جومگە سەرەکییەکانی ژیانی گرتبێتەوە، تائەو کاتەی چاکسازییەکی ڕیشەیی بۆ هێنانەکایەی سیستمێکی دامەزراوەیی دیموکراتی ڕاستینەی هاوچەرخ ئەنجام نەدرێت، تائەوکاتەی پەروەردەیەکی نیشتیمانی مرۆڤدۆستانە نەکرێتەبنەما، تائەوکاتەی دابەشبونی چینایەتیی رو لە قوڵبونەوە بێت و ستەمی کۆمەڵایەتیی پەرەبگرێت، تائەو کاتەی وەفاداریی بۆ نیشتیمان شوێنی وەفاداریی بۆ شەخس و بنەماڵە و حیزب نەگرێتەوە، بەهاو ئاکاری نیشتیمانپەروەرییەکی مرۆڤدۆستانە لەنێو تاک و کۆمەڵگادا نەچەسپێنرێت، تائەو کاتەی پرنسیپی "هەرکەس بۆ خۆی ڕاکێشێ چۆنی بۆ هات پیاکێشێ" باڵادەست بێت، یەکڕیزی نەتەوەیی لەباشوری کوردستان جگە لەوەهم و تراویلکە هیچ شتێکی دیکە نییە.

سەرچاوە : ماڵپەری سبەی

سەرچاوە
Serchawe

یەکبوون
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان :

قادر وریا



به ئاگاداری لەوە کە بەڕێوەبردنی هەرچی کاریگەرتری »کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان» یارمەتی بە نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکاو، «بەیاننامەی نەهێستنی توندوتیژی بە دژی ژنان» بەو جۆرە کە لەم بەیاننامەیەدا دەخرێتە روو، ئەم رەوتە بەهێزو تەواو دەکا،

نیگەران لەوە کە توندوتیژی دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتن و ئاشتی یە، هەروەک لە »ستراتیژی یە داهاتووبینەکانی کۆنفرانسی نایرویی بۆ پێشکەوتنی ژنان»دا روون کراوەتەوەو لەواندا هێندێک گەلاڵە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان پێشنیار کراوەو بە مەبەستی بەڕێوەچوونی بە تەواویی »کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان»،

پێداگر لەسەر ئەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتی‌یەکانی ژنان و، دەستڕاگەیشتنی ژنان بەم ماف و ئازادییانە تاڕادەیەک یا بە تەواوی رەت دەکاتەوە،

نیگەران لە سەرنەکەوتن لە پشتیوانی و بەرەوژووربردنی ئەم مافو ئازادییانە لە درێژخایەندا، سەبارەت بە توندوتیژی بە دژی ژنان،

بە ئاگاداری لەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، نوێنگەیەکە بۆ پێشاندانی نایەکسانیی مێژوویی پێوەندییەکانی دەسەلات لە نێوان ژنان و پیاواندا، کە بووە بە هۆی ژێردەست کردن و هەڵاواردنی ژنان بەهۆی پیاوانەوە، پێشگیری لە بەرەوپێشچوونی بەتەواویی ژنانی لێ کەوتۆتەوە،

هەروەها ]بە ئاگاداری لەمە کە[ توندوتیژی دژی ژنان یەکێک لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتی یە گرنگانەیە کە ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلەو پایەو پێگەی نزمتر . لە چاو پیاوان . رابکێشن،

نیگەران لەوە کە هێندێک لە گرووپەکانی ژنان بۆ وێنە ژنانی سەر بە گرووپە کەمایەتی‌یەکان، ژنانی خۆ وڵاتی (بومی)، ژنانی پەنابەر، ژنانی کۆچەر، ئەو ژنانەی لە لادێ یا ناوچە دوورە دەستەکان دەژین، ژنانی بێ ئەنوا، ژنانی بەندکراو یا دەسبەسەر، کچانی مێرمنداڵ، ژنانی نەقوستان و بێتوانا، ژنانی بەساڵاچووو ژنانی ناوچە شەرلێدراوەکان بەتایبەت لە بەرامبەر توندوتیژی دا لاوازن،




بە وەبیرهێنانەوەی دەرئەنجامی پاراگرافی ٢٣ی هاوپێچی بڕیارنامەی ٢٤ی مای ١٩٩٠ی شورای کۆمەڵایەتی (ژمارە ١٩٩٠/١٥)و هەست کردن بەوە کە توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵەو کۆمەڵگەدا پەرە گرتوویەو لە سنووری داهات، چینو کەلتوور تێ دەپەڕێ، دەبێ هەنگاوی بە پەلەو کاریگەر بۆ لەنێوبردنی ئەم دیاردەیە بنرێ،

هەروەها بە وەبیرهێنانەوەی بڕیارنامەی ١٩٩١/١٨ی شورای ئابووری و کۆمەڵایەتی (٣٠ی مای ١٩٩١) کە شورا لەودا پێشنیاری ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی هێناوەتە گۆڕێ کە بە شێوەیەکی راشکاوانە سەرنج بداتە کێشەی توندوتیژی بە دژی ژنان،

وەک پێشوازی لە رۆڵێک کە بزووتنەوەکانی ژنان لە راکێشانی رۆژ بەرۆژ زیاتری سەرنجەکان بۆلای نێوەرۆک، جیددیبوون و رەهەندەکانی کێشەی توندوتیژی بە دژی ژناندا هەیانە،

بە هەست کردنی ئەم مەترسی یە کە دەرەتان و دەرفەتەکانی ژنان بۆ وەدەستهێنانی یەکسانیی مافەکان و بەرابەری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگەدا، بەهۆی جۆراوجۆرو یەک لەوان توندوتیژیی پەرەگرو بەردەوام، بەرتەسک و سنووردارن،

بە سەرنجدان بەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، بڕوامان وایە کە پێناسەیەکی گشتگیرو روون بۆ توندوتیژی دژی ژنان، بەیاننامەیەکی روون لە بارەی ئەو مافانەی دەبێ رەچاو بکرێن و دەستەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو شێوەو جۆرەکانی دان، هەروەها دەروەستبوونێک لەلایەن دەوڵەتانەوە بە نیازی رێزگرتن لەبەرپرسایەتی یەکانیان و، دەروەستبوونێکیش لەلایەن سەرجەمی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی یەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان پێویستە. هەر بۆیە بەرەسمی بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە خوارەوە دا رادەگەیەنین و سوورین لەسەر ئەمە کە بۆ ناساندن و رێزگیرانی لە لایەن هەموانەوە، دەبێ هەر چەشنە هەوڵێکی پێویست بدرێ:

ماددەی یەکەم :

لەم بەیاننامەیە دا، مەبەست لە دەستەواژەی »توندوتیژی دژی ژنان» هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیان پێ گەیاندنی جەستەیی، جینسی یا دەروونیی ژنان، یا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یا کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵک یا لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی دا روو دەدەن، لە ڕیزی رەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

ماددەی دووهەم :

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەم نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف) توندوتیژی جەستەیی، جینسی و دەروونی کە لە بنەماڵە دا روو دەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵ دا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز (جهیزیە)، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنان و ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژن و مێردایەتی دا و توندوتیژی تایبەت بە چەوساندنەوەی ژنان.

ب) توندوتیژیی جەستەیی، جینسی و دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بەکۆمەڵ دا روو دەدن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین و فرۆشتنی ژنان و لەشفرۆشیی بە زۆری.

پ) توندوتیژی جەستەیی، جیسنیو دەروونی کە بەهۆی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ یا لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

ماددەی سێهەم :

ژنان بە شێوەیەکی یەکسان [ لەگەڵ پیاوان ] مافی دەستڕاگەیشتن بە هەموو مافە مرۆیی یەکان و ئازادییە بنەڕەتی یەکان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، مەدەنی و هەموو بوارەکانی دیکەداو، هەروەها مافی پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانەیان هەیە. ئەم مافانە بریتین لە:

(ئەلف) مافی ژیان

(ب) مافی یەکسانی

(پ) مافی ئازادی و ئاسایشی کەسی

(ت) مافی پشتگیری لەلایەن قانوونەوە

(ج) مافی رزگاری لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن

(چ) مافی کەڵکوەرگرتن لە زۆرترین رادەی گونجاوی سڵامەتیی جەستەیی و دەروونی

(ح) مافی [ هەبوونی ] هەلومەرجی دادپەروەرانەو جێگای رەزامەندی بۆ کار

(خ) مافی ئەوە کەتاک نەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە یا سزاو رەفتاری توندوتیژی، نامرۆیی و پڕسووکایەتی.

مادەی چوارەم :

دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەنو نابێ هیچ دابونەریت یا تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام ]نە[دانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژی دا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکان و بێ‌راوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن. هەروەها دەبێ:

(ئەلف) ئەگەر تا ئێستا بە تەواوی لە ئاست «کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان» خۆیان بەرعۆدە نەکردوە، دەبێ پەسندی بکەن، یا بەشێوەی رەسمی ببن بە ئەندامی و، واز لە مەرجە تایبەتی یەکانی خۆیان لەبارەی ئەم کۆنوانسیۆنەوە بێنن.

(ب) لە بە ئەستۆگرتنی هەر چەشنە توندوتیژی یەک، خۆ بپارێزن،

(پ) بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژی و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەم پێوەندی‌یەداو، دانانی سزا بۆ کردەوەی توندوتیژ دژی ژنان، هەموو هەوڵێکی پێویست بە گوێرەی قانوونەکانی وڵات بدەن. جا چ ئەم کردەوانە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام درابن، چ لەلایەن کەسانی تایبەتی یەوە.

(ت) لە قانوونەکانی وڵاتدا دەبێ لایحەی رەسمیی سزایی، مەدەنی، کاریو ئیداری بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەتایانە ئامادە بکەن کە دەرهەق بە ژنانی توندوتیژی چێشتوو، ئەنجام دراون. ئەو ژنانەی لەگەڵ توندوتیژی بەرەورووە دەبن، دەبێ رێگاچارەی قەزاییان بۆ دابین بکرێو، بە پشتیوانیی قانوونەکانی وڵات، زیانەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو کاریگەر بۆ قەرەبوو بکرێتەوە. دەوڵەت هەروەها دەبێ ژنان لە مافەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ داوای قەرەبووکردنەوەی زیان و وەدەستهێنانی توانایی بەهۆی ئەم رێگاچارانەوە ئاگادار بکاتەوە.

(ج) بەرنامەی نەتەوەیی بە مەبەستی پەرەپێدانی پشتگیری لە ژنان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەرچەشنە توندوتیژییەک، یا زیادکردنی هێندێک مادده لە بەرنامەکانی خۆیان بەو مەبەستە، هەروەها هاوکاریی گونجاو لە هێندێک بواردا لەگەڵ رێکخراوە نادەوڵەتی یەکان بەتایبەتی لەگەڵ ئەو رێکخراوانەی بە کێشەی توندوتیژییەوە خەریکن.

(چ) دیاریکردنی رێگاکانی پێشگیری لە توندوتیژی و، دانانی پلانی گشتگیری کاری لە بوارەکانی حقووقی (مافەکان)، سیاسی، ئیداریو کەلتووری دا کە پشتیوانی لە ژنان لە بەرامبەر هەر چەشنە توندوتیژییەک برەو پێ دەدەن و دەبنە دەستەبەرێک بۆ ئەوەی ژنان سەبارەت بە هەستیارنەبوونی قانوون لە ئاست تێ بینی یە جینسی یەکانداو لە ئاکامی جۆرەکانی بەڕێوەبردنی قانوون و خۆ تێهەڵقوتاندنە دەوڵەتی یەکانی دیکەدا، نابنەوە بە قوربانیی توندوتیژی.

(ح) هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەرکردنی ئەوە کە ژنانی ژێر توندوتیژی و، ئەگەر پێویست بوو منداڵەکانیان لە یارمەتی یە تایبەتییەکانی وەک توانایی پێ بەخشین، هاوکاری لە سەرپەرستی و چاوەدێریی

سەرچاوە
Serchawe

منداڵان و ژیان و بەرێچووندا، دەرمان، راوێژکاری و خزمەتە لەشساغی و کۆمەڵایەتی یەکان بەهرەمەند بن. ناوەندەکان، پرۆگرامەکان و رێکخراوە یارمەتیدەرەکان دەبێ هەنگاوی پێویست بۆ بەرەوژووربردنی ئاسایش و توانایی بەخشینی جەستەیی و دەروونی بەوان، هەڵ بگرن.

(خ) لە بوودجەی دەوڵەتدا، بەڕادەی پێویست بۆ تێکۆشانەکانی پێوەندیدار بە نەهێشتنی توندوتیژی تەرخان بکەن.

(د) بۆ فێرکردن و راهێنانی هێزەکانی ئاسایش و بەرپرسانی دەوڵەتیی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی تایبەت بە پێشگیری، لێکۆڵینەوەو سزای توندوتیژی لە دژی ژنان، هەنگاوی پێویست هەڵ بگرن تا ئەم کەسانە هەمبەر بە پێویستی یەکانی ژنان هەستیار بن.

(ر) هەنگاوی پێویست بەتایبەتی لە بواری فێرکاری دا هەڵبگرن بۆ ئەوەی چاکسازی لەسەر مەشقە کۆمەڵایەتی و کەلتووری یەکانی رەفتاری پیاو و ژندا بکەن و، هەڵاواردنەکان، رەفتاری باوو هەموو چەشنە رەفتارێک کە لەسەر بناغەی ژێردەستی یا باڵادەستیی جنسێکە و، ژنو پیاو پێی راهاتوون، لە نێو ببەن.

(ز) لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار (ئەژمێرەکان)، بەتایبەتی لە باری توندوتیژیی بنەماڵەیی و شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەن و هاندەر بن بۆ لێکۆڵینەوە لەباری هۆیەکان، نێوەرۆک، رادەی جیدديبوون و ئاکامەکانی توندوتیژی بەدژی ژنان و، رادەی کاریگەریی هەنگاوەکان بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژی و هەروەها قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی توندوتیژی لە هەمبەر ژنان. ئەم ئامارو زانیارییانە دەبی بخرێنە بەرچاوی هەمووان.

(ژ) هەنگاوی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژنانە دا کە لە بەرامبەر توندوتیژی لاوازن، هەڵ بگرن.

(س) لەو راپۆرتانە دا کە لە پێوەندی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤدا پێشکێشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکەن، زانیاریی پێوەندیدار بە توندوتیژی دژی ژنان و، [راپۆرتی ] هەنگاوی هەڵگیراو بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکانی ئەم بەیاننامەیە، بگونجێنن.

(ش) هاندەری دانانی پلانی کاری بە مەبەستی جێبەجێ بوونی بنەماکانی ئەم راگەیەندراوە بن.

(ع) هاوکاریی چالاکی و تێکۆشانی بزووتنەوەو رێکخراوە نادەوڵەتی یەکانی ژنان بکەنو لە ئاستی خۆجێیی، نەتەوەیی و ناوچەیی دا یارمەتییان بدەن.

(غ) رێکخراوە ناوچەیی یە نێودەوڵەتی یەکان کە تێیاندا ئەندامن هان بدەن، ئەگەر بۆیان دەگونجێ لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان بخەنە نێو بەرنامەی خۆیان.

### ماددەی پێنجەم :

ئۆرگانەکان و نوێنەرایەتی یەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ ئەوەندەی لە توانایان دایە، یارمەتیی ناساندن و هێنانەدیی ئەو ماف و بنەمایانە بدەن کە لەم بەیاننامەیە دا هاتوون. بۆ نموونە دەبێ:

ئەلف) یارمەتی بە گەشەکردنی ئەو هاوکاری یە نێونەتەوەیی و ناوچەیی یانە بکەن کە ئامانجیان پێناسەکردنی ستراتیژی یە ناوچەیی یەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی، گوازتنەوەی ئەزموونەکان و، بەرنامەماڵی یەکانی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانە.

ب) هاندەری ئەو کۆبوونەوەو سمینارانە بن کە ئامانجیان پێکهێنان و گەشەپێدانی ئاگایی نێوان هەموو تاکەکان هەمبەر بە پرسی لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنانە.

پ) یارمەتیی گەشەپێدانی هاوهەنگاوی و هاوبەشیی نێوان بنیات و ناوەندەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن تا پرسی توندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی کاریگەر بکەوێتە بەر سەرنج.

ت) لەو لێکدانەوانە دا کە بۆ دامەزراو و ناوەندەکانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کێشەو گرفت و دیاردە کۆمەڵایەتی یەکان ئامادەی دەکەن، وەک راپۆرتە ناوبەناوەکان لە بارەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی جیهان، توێژینەوە لەبارەی مەیل و بۆچوونەکان لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنانیش بگونجێنن.

ج) فۆرمۆلەکردنی پلانی کاری یان نامیلکەکانی رێنوێنی لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەن و، ئەو هەنگاوانەی لەم بەیاننامەیە دا ئاماژەیان پێ کراوە، بگونجێنن.

چ) پرسی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان، ئەگەر دەگونجێ، ببەستنەوە بە جێبەجێکردنی بەرپرسیارەتی یەکانی خۆیان لە بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا.

### ماددەی شەشەم :

هیچ شتێک لەم بەیاننامەیە دا نابێ هیچ یەک لە ماددەکانی قانوونی وڵاتێک یا هەر رێککەوتن و پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتی یا هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە وڵاتێک جێبەجێ دەکرێ و بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان روونترو بەبڕشتترن، بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

وەرگێران لە فارسی یەوە: قادر وریا

٢٠ی نوامبری ٢٠١١

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان کورد

سەرچاوە
Serchawe

# سیمبۆڵی "ئاڵا" و "نیشتمان" لە شیعری پەشێودا.



هەڵۆ محەمەد

پاش ئەوەی پێداویستیی لێکنزیکبوونەوەی مرۆڤان بووە هۆکارێکی گرنگ بۆ رووبەرووبوونەوەی هەڕەشەکانی سروشت و کارەساتە مەترسیدارەکانی ژیان، یا، بە واتایەکی دیکە، بۆ باشتر تێکگەیشتن و هاوکاری و پەیداکردنی بژێو، وورده وورده بە درێژایی ئەو پرۆسەیە چەندین خەسڵەت و نیشانە سەریان هەڵدا و چەسپان. سەرئەنجام بەردەوامیی مرۆڤ لەسەر ئەم رەوتە و قاڵبوونەوە لە بۆتەیەکدا بووە رۆتینێکی ژیان. ئینجا، بە ئامانجی خۆناسینەوە و جیابوونەوە لەوانی دیکە، هەستی هاوچارەنووسی و بانگاشەی (ئێمە) رسکا. تاکەکانی گرووپی(ئێمە)، بۆ ئەوەی باشتر خەسڵەت و جیاوازییەکانیان بەرجەستە بکەن، بیریان لە پەنابردن بۆ دۆزینەوە و داهێنانی هێما و سیمبۆڵی تایبەت بە خۆیان کردەوە. ئەرکی ئەو هێمایانەش هەڵگرتن و رەنگپێدانەوە و ناساندن و ناسینەوەی ئەو گرووپ و دەستە جیاوازانە بووە.

لە مەودای درێژخایەنی پرۆسەی مێژوویی گووران و قاڵببەستنی (ئێمە،خێزان،خێڵ، گەل، نەتەوە)دا، کە دەستووری پەلەی ژیان داینەمۆی بەگەڕخستنی بووە، سیما و دیاردەی مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و گەلەک جاران جوگرافی و زۆر دیاردەی دیکەی تایبەت بە (ئێمە) لەو هێما و سیمبۆڵانەدا بەرجەستە بوون.

ئێرنست رێنان، زانستکاری ئایینی فەرەنسایی١٨٢٣ - ١٨٩٢ ، لە ووتارە بەناوبانگەکەیدا "نەتەوە چییە"، دوای شەڕی فەرەنسا و ئەڵمانیا لەسەر ئێلزاس، لەمەڕ نەتەوە دەڵێ: "نەتەوە بریتییە لە پرنسیپێکی گیانی و هەستی و دەروونی. دوو خەسڵەت، کە لەراستیدا یەکن، ئەم گیانە دروست دەکەن، ئەم پرنسیپە هەستەکی و دەروونییە دەخوڵقێنن. یەکێ لەمانە پەیوەستە بە رابردووەوە و ئەوی دیکەیان بە ئێستاوە." .

رێنان (ئێمە) بە "کۆمەڵگای هەرەوەزی" ناو دەبات. لێ لەو رۆژەوەی سۆسیۆلۆگی ئەمەریکایی ولیام زامەر (William G. Summer) قسە لەسەر جیاوازیی دەستەی "خۆمان" یان "ئێمە" in-group و دەستەی "نامۆ" یاخود "ئەوان" out –group وەک نیشانە و جیاکارییەکی بنچینەییی هەموو گرووپەکان دەکات، دەڵێ: گرووپی "خۆمان" لە لایەن هەستی "ئێمە" وە راگیراوە. کەواتە ئەمە ئەوەیە، کە رێنان ناوی ( پرنسیپی گیانی) لێناوە. بە قسەی زامەر گرووپی "ئێمە" لە رێگای دەستەبەرکردنی " پەیوەندی، یا تێکەڵاوی و زێد و هەوارگە و هەستی هاوبەش"، کە لە نێو ئەم گروپەدا و بۆ ئەم گرووپە کارا بووە، مانا ئەبەخشێ بە بوونی خۆی. ئەم ماناداریەی گرووپی "ئێمە" هەر لە رێگەی نۆرم و شێوازی هەڵسوکەوتەوە دروست ناکرێ، کە ئەندامانی گرووپی "ئێمە" پێکەوە پەیوەست بکات، بەڵکە لە رێی خۆناسینەوە بە سیمبۆلەکانەوە بەرقەرار دەبێ.



بە م پێیە، دروشم و ئاڵا و سیمبۆل و خەسڵەت و چەندین نیشانە و دیاردەی دیکە دەبنە کەرەسەی پێویستی بەردەوامبوون و خۆپاراستن و پێشکەوتنی دەستەجەمعی. داهێنانی ئەو سیمبۆڵانە، بەرجەستەکردن و چەسپاندنیان لە هەست و نەست و کەسایەتیی تاکە تاکەی هاونیشتیمانانماندا، لە ئاکامدا دەگەن بە رادەیەک، دەبنە بەشێک لە ناسنامە و بەخۆنازین و نیشانەی سەرکەوتنەکان و جۆشدانی ژیان و هیوا پەیداکردن بە ئایندەیەکی پرشنگدارتر.

لە نێو ئەم گروپانەدا و لەم میانەوە هاوسۆزی و وابەستەبوون بە نەتەوە و نیشتمانی هاوبەشەوە هێدی هێدی جۆش و خرۆش پەیدا دەکات و دەگەشێتەوە و رەهەندی هێزی نەتەوەش وەک دەستاوێژێکی سیاسی تا بێت خورتتر دەبێت.

پەشێو، ئا لەم ڕوانگەوە، بایەخ و قورسایی دەخاتە سەر چەمکی ئاڵا و نیشتمان و سیمبۆڵەکانی دیکەی ناسنامەی نەتەوایەتی. ئەم چەمکانە، بە درێژایی ساڵانی پڕ لە هەڵەمووتی سەخت و دژواری گەشتە شیعرییەکەی پەشێو، هەمیشە میوانی نێو دڵ و هەست و گیان و وێردی سەر زمانی بوون. شاعیر پەیمانێکی جەنتڵمانانەی لەگەڵ خۆیدا بەستووە و بە هۆشیارییەوە دەیەوێ کار لەسەر فەراهەمکردنی زەمینەی ئەم بیر و ئایدیایانە بکات. پەشێو گەرەکێتی ئەم رەگەزانە لە نێو ئەدەبی کوردیدا بکاتە مۆرک و بنەمایەکی نەگۆڕی هەمیشە ئامادە و لە رووی فەرهەنگییەوە، بیانکاتە راستییەکی مانابەخش و بە سانایی و بەڵگەنەویستانە بکەونە بەر زەین و هەستی تاکی کورد. شاعیر دەیەوێ ئەم بەهایانە ببنە کارێکی رۆتینی کوردی و شیعری کوردی بەم چەمکانە برازێنێتەوە. دیارە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە شاعیرانی دیکە بێبەش بکەین لەو بەشدارییەی لەم کایەدا کردوویانە، لێ نەخشی پەشێو لەم بوارەدا، بەو قورساییە هزرییەی دەیخوێنینەوە و ئەو بەشداریکردنە کارایەی لە دەوڵەمەندکردنی "مفردات"ی ئەو چەمک و ئایدیایانە کردوویەتی، بەرچاوترە.

ویست و خواستەکانی کورد لە ئەدەبەکەماندا بەو دیدە نەتەوەییەی، کە کتومت دەربڕی باس و ئاخافتن بێ لە ئاڵا و نیشتمان کزە، لەم روانگەیەوەیە پەشێو دەبێتە دیارترین شاعیرمان، کە یەکبێن و بێ پرینگانەوە و زۆر راشکاوانە سەرگەرمی تانوپۆچنینی ئەم تەرزە رەگەزانەیە لە ئەدەبی هاوچەرخماندا و هیچ کەس نابێتە هاوکووفی لەم مەیدانەدا.

رۆژگار پەشێوی هەڵدابێتە هەر قوژبنێکی ئەم گێتییەوە، ئەو بەرەو بێرکوت گەڕاوەتەوە و بە هەولێردا گوزەری کردووە و لە سلێمانی کۆڕی بەستووە و بۆتە میوانی سابڵاخ و سەردانی ئامەدی کردووە و سڵاوی بۆ قامیشلی ناردووە. پەشێو شاعیری خاک و نەتەوەیە، هەڵگری ئاڵا و ناسنامەی کورد و کوردستان و رابەری هەمیشە دیاری ئەم مەیدانەیە. هەرگیز نیشتمان لە بیری پەشێو نەچووە و مەحاڵیشە لێی بزر بێت و لە مێژساڵیشە وێڵی کوتە ئاڵایەکی سەربەخۆیی و ئازادییە بۆ نیشتمان. ئاخر پەشێو لەم گۆشەنیگایەوە سەرنجی لەم چەمکانە داوە و لەم پێناوەدا گەلێ سەلیقە و کارامەیی شاعیرانەی بەرزی خەرج کردووە. پەشێو سیزیف ئاسا تا هەنووکە لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئەم چەمکانەدایە بۆ فەزای سەروەری و نەمری.

ئەم خوێندنەوەیە، وەک هەوڵێکی خاکەڕایانە و لە چواچێوەی دیدێکی هزری و سیاسییانەوە، ئاوڕێک لە وێستگە گرنگەکانی ژیانی شاعیر لە سەرەتاکانی پێخستنە گێتیی ئەدەبەوە تا هەنووکە و تێکۆشانەکانی شاعیر بۆ تۆمارکردن و بەرجەستەکردنی ئەم دروشم و هێمایانە دەداتەوە. ئاڵا و نیشتمان پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان پێکەوە هەیە و سەرەتا سیمبۆڵی ئاڵا بەسەر کراوەتەوە، پاشان خوێندنەوەی چەمکی نیشتمان بەرچاو دەکەوێت.

وێستگە مێژووییەکان:

١٥,٨,١٩٦٩

لە پێشەنگی کەژاوەتا،
ئاڵای خوێنینی مەهاباد هەڵکرابوو. ل.... ١٤٤

لێرەدا ئاڵا خۆی لە مێژووی خەباتی سەخت و خوێناویی کوردایەتیدا نمایش دەکات.

بەلای پەشێوەوە... کەژاوەی خوێناوی بەڵگەی مێژوویەکی پڕ لە مەرگەسات و قوربانییە و تێیدا لافاوی خوێن دەبێتە سەرقافڵەی کاروانی مان و نەمانی کورد. کاتێ لەم بەیتە ووردەبینەوە تابلۆیەکمان دێتە بەرچاو، کە بە ڕەنگی سووری خۆی بەسەرهاتی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان و لاشەی پیرۆزی پێشەوای نەمر و هاوڕێ لە سێدارەدراوەکانی وەبیر ئێمە دێنیتەوە. هاوزەمان زەبری کوشندەی داگیرکەرمان دەخاتەوە یاد.

ئەم کارەساتە لای شاعیر هێندە بەسوێیە، هەرگیز هی لەیادچوون و فەرامۆشی نییە.

پەشێو، بێ ئەوەی پێ بزانێ، نەیتوانیوە خۆی لە بازنەی خەمی مێژوو دەرباز بکات. ئاخر شاعیر چاک دەرکی بەو راستییە کردووە، کە کورد قوربانیی دەستی مێژووە. ئەوە مێژووی ڕەش و غەدرە بڕیاری چارەنووس و قەدەرێکی وا سەختی بۆ نەتەوەکەی داوە.
ساتێ ئەوە واقعی تاڵ و بە زۆر سەپاو بێت، دەبێ ڕێگەچارە چی بێ؟ شاعیر بە کامە کەرەسە تابلۆی شیعرەکانی بنەخشێنێ؟ بۆ وەرامی ئەم پرسیارە، دەبینین پەشێو لە دەوازەیەکی دیکەوە دەچێتە ناو بەسەرهاتەکانەوە. ئەمجارەیان شکستی زۆردار و سەرکەوتنی هەق و کوردایەتی بەرجەستە دەکات. لەم چرکەساتەدا دوای گلان و شکست پەیامی رابوون و سەرفرازی لە ئاڵای شەکاوەدا دەبینێ، ئایندەی تژی لە رووناکی بەدی دەکات و دەڵێ:

لە تنۆکی فرمێسکتدا
دەماری بازووی کاوەم دی،
لاشەی کەوتووی زوحاکم دی،
ئاڵای بەرزی شەکاوەم دی،
ئاسۆیەکی رووناکم دی. ل... ١٤٦

ئەدی ئەوە پێشەوا نەبوو جگە لە مێژوویەکی تراژیدیائامێزی پڕ لەسەروەری، ئاڵای کوردستانی لە دوژمنان قوتار کرد و بە ئەمانەتەوە رادەستی نەوەی پاش خۆی کرد؟ ئەو نەبوو پەیام و مژدەی بەردەوامیی کۆڵنەدان و سووربوون لەسەر خەباتی پێ بەخشین؟ هەر ئەو وانە خوێناوییە بوو جارێکی دیکە ئیرادەی پۆڵایینی نەتەوەی بەرجەستە کردەوە، وای لێ کرد تا بە دوا ئامانجەکانی نەگات، دەست لە تێکۆشان بەر نەدات. بە واتایەکی دیکە، مانیفێستی خەباتی ڕەوا و بەردەوامی کوردی جاڕ دا. ئەم کۆپلە شیعرە لە راستیدا هەڵگری خەسڵەتی ئیرادەی زیندووی ژیانە.

١٩٧٠

ئاڵا
دۆستەکانم! باش بزانن،
دوژمنان! باش بزانن:
چەند باوەڕم بە زەردەشت و
بە ئاڤێستا و بە خوا هەیە،
هەزار هێندەش
باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە! .........ل ٢٤٨

داخۆ دەبێ چ پەیامێک لەمە سادە و روونتر بەرووی یار و نەیاردا ووترا بێت!. کەس هێندە راشکاوانە گوزارەی لە هەست و نەستی دڵ و دەروونی خۆی نەکردووە. پەیامێکی کورت و مانایەکی بەهێز. با دۆستان گوێی بۆ رادێرن و دوژمنانیش ئاگادار بن! شاعیر دەیەوێ بە دنیادا جاڕ بدا: هەردوولا لێم بنۆڕن، شەرم ناکەم، ناسڵەمێمەوە و هاوار دەکەم. گەر ئایدۆلۆژیا و ئایین و مەزهەب یەکجار جێی باوەڕ بن، وا ئاڵا و سەربەخۆیی هەزارجار ئومید و هیوایەتی.
لێرەدا پەشێو خواهیشتی کەسی تێدا نەهێشتۆتەوە و یەکەوراست جەوهەری مەسەلەکەی لە دید و باوەڕی خۆیەوە نەخشاندووە. لای پەشێو، خۆشەویستی بۆ هەموو پیرۆزییەکانی ئاسمان و سەرزەوی، دەکەونە پاش بەها و گرنگی ئاڵاوە. ئاڵاش لە ڕەهەندی خۆیدا وێنای سەربەخۆیی قەوارەی سیاسی و ئازادی و کەرامەتی مرۆیی دەکات و سیمبۆلە بۆ هەبوون و ناسنامەی خاک و نەتەوە.
ماڵپەری هەڵۆ محەممەد

سەرچاوە
Serchawe

# پارتیزان کێیه ؟




چێ گوارا

بۆ کوردی: هیوا ئەمانی

پارتیزان بەرزترین نمونەی هەڵسوراوێکی ئازادیخواز، هەلبژێردراو، شۆرشگێر و پێشرەوی خەلکە لە خەباتەکەیاندا بۆ رزگاری.

شەری پارتیزانی، بەپێچەوانەی ئەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی وێنای بۆ دەکرێ شەر لە ئاستێکی سنوردار، واتە شەڕی کەمینەیەک بەدژی سوپایەکی بەهێز، نیە.

نا! شەری پارتیزانی، شەرێکە کە لەلایەن هەموو جەماوەرەوە بە دژی زوڵم و زۆری حاکمان دەکرێ. بزوتنەوەی پارتیزانی باڵی چەکداری خەڵکە. سوپای پارتیزانی هەموو خەلک لە ناوچەیەک یان وڵاتێک لەخۆ دەگرێ، وە ئەوە هۆکاری سەرکەوتنی کۆتایەتی لە بەرامبەر بە هەر هێزێک کە بیهەوێ لەناوی بەرێ. واتە ڕەگ و سەرچاوەی بزوتنەوەی پارتیزانی، جەماوەرە.
پێوابوونی ئەوەی کە گروپێکی چەکداری بچوک، هەرچەند چالاک و شارەزای ناوچەکە بێ، بە بێ یارمەتی جەماوەر دەتوانێ لەبەرامبەر بە جەولەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوی سوپایەکی بەهێز دا خۆراگر بێ، هەڵەیە. سەلماندەکەش ئەوەیە، تەواوی چەتە و دزەکانی سەر کێوەکان لە کۆتاییدا بە دەوڵەتی ناوەندی دەدۆرێن- وە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە ئەو دزانە لە لای خەڵکی ناوچەیەک بە شیوەیەکی گشتی لە کۆمەلێک دز و چەتە سەرترن، کردەوەی ئەوان وەک بزوتنەوەیەکی رزگاری خواز چاولێدەکرێ، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم لێک چونە تەنها رواڵەتیە. هەرکامە لە ئەندامانی هێزێکی پارتیزانی، واتە ئەندامانی سوپای برومەندی جەماوەر، دەبێ هەموو باشیەکانی باشترین سەربازەکانیان هەبێ، سوپای جەماوەر دەبێ دیسیپلینێکی زۆر بەهێز پەیرەو بکا.



ئەوەی کە یاساگەلی ژیانی چەکداری سونەتی هیچ شێوە لێکچوونێکیان لەگەڵ ژیانی پارتیزانی دا نیە، وە ئەوەی کە "پشو بە و وریا بە" و رێزدانانی سەربازی و خۆگەوزاندن لە خۆلدا لەبەرمابەر بە فەرماندەکان دا بەهیچ شێوەیەک بونی نیە، ئەوە بەو مانایە نیە کە دیسیپلینیش بوونی نیە. دیسیپلینی پارتیزان لە دەرونی تاکی ئەودا، لە باوەری دا و لە کاتی پێویست دا لە سەروی خۆیەوەیە (مافوق)، وە ئەوە تەنها بۆ ئەوە نیە کە کاریگەری هێزە چەکداریەکە کە بۆخۆشی بەشێکە لەو وەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵکو بۆ پاراستنی گیانی خۆشیەتی.
لە سوپایەکی ئاسایی دا، بچوکترین هەڵەی سەرباز، لەلایەن نزیکترین هاوکاریەوە لەژێر چاوەدێری دایە، لە شەڕی پارتیزانی دا، کە تێیدا هەر سەربازێک، خۆی هێزێکی رەزمەندەیە، رووداني هەر هەڵەیەک چارەنوس دیاری دەکا، هیچ کەسێک ناتوانێ کەمتەر خەم بێ، هیچ کەسێک ناتوانی بچوکترین هەڵە بکا، چون ژیانی خۆی و هاورێکانی لە مەترسی دایە.
ئەم دیسیپلینە راستەقینەیە بەگشتی بەرچاو ناکەوێ.
لە ڕوانگەی کەسێکەوە کە بێئاگا بێ، سەربازێکی سادە، بە بوونی تەواوی یاساگەلی رێزدانانی سەربازی بۆ سەروتر لە خۆی، لە پارتیزانێک کە فەرمانەکان لە فەرماندەکەیەوە بە سادەی و رێزی وشیارانەوە جێ بەجێ دەکا، بە دیسیپلینتره.
وەهەروەها سوپای ڕزگاریدەر، هێزێکی گوڵ بژێرکراوە کە لەوێدا جێ بۆ بچوکترین کەموکوڕی ئینسانی نیە. وەها سوپایەک، هیچ جۆرە ئامرازێکی فەلاقە یان سیخوری نیە کە ببێتە بەربەستی قوربانی بوونی تاکەکان لەبەرمابەر بە هەوا و هەوەسیان.
بۆچوونی (وشیارانە)ی خۆمانە، وشیاری قوڵ بەرامبەر بە ئەرک و دیسیپلین، هێزی بەریوەبەری "پارتیزان"ە.
پارتیزانێک لەگەڵ ئەوەی سەربازێکی بەدیسیپلینە، دەبێ لە ڕووی مێشک و جەستەشەوە چالاک بێ. شەری پارتیزانی سست ناتوانێ بوونی هەبێ. شەو، کاتی جەولە و کارزارە. پارتیزان بەهۆی ئەوەی کە شارەزای ناوچەکەیە، بە شەو دەجولێ، سەنگەر دیاری دەکا، زەبر لە دوژمن دەوەشێنێ و پاشەکشە دەکا. ئەوە بەو مانایە نیە کە دەبێ لەو ناوچەیەی کە جەولەکەی تێدادەکا زۆر دوور پکشێتەوە، تەنها مەبەست ئەوەیە کە پاشەکشەکە خێرا بکرێ.
دوژمن زۆر زوو هەموو هێزە داپلۆسێنەرەکانی لە ناوچەی زەبر لێدراو بڵاو دەکاتەوە، دوژمن بۆمبارانی هەوای دەست پێدەکا، دوژمن هێزە تایبەتیەکانی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی ناوچەکە گەمارۆ بدا و بۆفریودان هەندێک سەنگەر دیاری دەکا و سەربازی بۆ دەنێرێ.
پارتیزانەکان دەبێ تەنیا لە سەنگەرێک دا بەرامبەر بە دوژمن بوەستن. بە پاشەکشە بۆ مەودایەکی نزیک، بە دانانی کەمین بۆ دوژمن، بە هێرش کردن و پاشەکشەی سنوردار، پارتیزانەکان بە مەبەستی خۆیان واتە ماندو کردنی دوژمن لە ماوەی چەند سەعات، یان چەند رۆژ دا دەگەن.
سەربازانی خەلکی بەشمەینەت لە حەشارگەکەی خۆیانەوە و لەکاتێکی باش دا هێرشەکانیان دەست پێدەکەنەوە. لە شەری پارتیزانی دا یاسایەکی بنەرەتی تریش بوونی هەیە. ناسینی ناوچەی شەر لە پێویستیەکانە. پارتیزان دەبێ شارەزای ئەو شوێنە بێ کە بریارە هێرشی بکەنە سەر. ئەو دەبێ شارەزایی تەواوی لەسەر رێگاکانی پاشەکشە، چ ئەوانەی ئەکرێ کەلکی لێوەربگیرێ و چ ئەوانەی کەلکی

لێوەرناگیرێ، مالی دۆست و دوژمن، پارێزراوترین شوێنەکان، ئەو شوێنەی کە دەکرێ تیایدا پارێزگاری لە هاوڕێیەکی بریندار بکرێ، ئەو شوێنەی کە دەکرێ بۆ ماوەیەک تیایدا بمێننەوە، بناسن. بە واتایەکی تر دەبێ هەموو ئەو ناوچەیە وەک لپی دەست شارەزا بێ و بیناسێ ئەمەش دەکرێ و مەیسەرە. لەبەر ئەوەی خەڵک، واتە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی هێزی پارتیزانی، لە پشت هەر جەولەو جولەیەکی پارتیزانەکانەوە هەن و وەستاون. خەلکی ناوچەکە خۆراک گەیەنەرن، نامە بەر و پەرەستیارن، سەرچاوەی هێزی تازەن و بە واتایەکی تر، یارمەتیدەری زۆر گرنگی هێزە پێشرەوە چەکدارەکەی خۆیانن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، وە لەگەڵ پێویستی هەزارجارەی تاکتیکی پارتیزانەکان، ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، "بۆچی دەبێ شەر بکەین؟" و وڵامێک کە ڕەنگدەداتەوە ئەوەیە کە "پارتیزان ڕێکخەری کۆمەلایەتیە. پارتیزان بۆ بەیانی هاواری نارەزایەتی پر لە ئازاری خەلکی زەحمەتکێش دەستی بۆ چەک بردوە. پارتیزان بۆ ڕوخان و گۆرینی سیستەمێک تێدەکۆشێ کە هاوزینجیرە بێ چەکەکانی گیرۆدەی فەقیری و چوێرەوەری کردووە. ئەو بە دژی هەلومەرجی تایبەتی "سیستەمی" حاکمان شەر دەکا. ئەو سوورە لەسەر ئەوەی کە بە کەلک وەرگرتن لە تەواوی ئەو هەلومەرجەی کە پێش دێ "سیستەمی" زوڵم و زۆر ورد بکا و لەناو بەرێ."

دیسامبری ١٩٦٧

"وەرگیراو لە ( ناوندی توێژینەوەی ئێرنێستۆ چێ گوارا ) "

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست

---

## پێشمەرگە

هەڵۆی سەر شاخی هەڵگورد و گوڵی داوێنە پێشمەرگە
چریکەی نێو گوڵ و لالە و چڕ و بستێنە پێشمەرگە
سەری قەڵغانە بۆ مافی ڕەوای گەل گیان لە پێناوە
نەوەی کاوەی فیدا کار و قەڵا ڕووخێنە پێشمەرگە
شەمی سەر چاکی هیوایە و چرای ڕێبازی ڕزگاری
نمونەی هەڵمەت و هێرش، حەماسە و خوێنە پێشمەرگە
لە پێناوی گەلی کورد دا دژی بێدادی هەستاوە
بە گوللەی گەرم و کرداری بەڵا سووتێنە پێشمەرگە
لە سەر داوا ڕەواکەی سوورە گیانی خۆی لە پێناوە
هیوای دوا ڕۆژ و پشتیوان و تۆڵەستێنە پێشمەرگە
دەسەلمێنێ حەقانیەت بە داگیرکەر لە کوردستان
فریشتەی ڕۆژی ڕزگاری، زوڵم تارێنە پێشمەرگە
گوڕ و تینی بە هێز و باسکی چەکداری گەل و هۆزە
بە ئیمانە و نەمامی ئاودراو بە خوێنە پێشمەرگە
دەروون خاوێن و پارتیزان و جەنگاوەر، ئەمەگ ناسە
عەداڵەت ویست و خاوەن عەقڵ و هەست بزوێنە پێشمەرگە
بە سام و هەیبەتە ساحەب ئیرادە و سەمبولی شۆڕش
لە ڕۆژی ترس و تەنگانە ڕەقیب تۆقێنە پێشمەرگە
لە کاتی هێرشی دوژمن قەڵای بەرز و نەگیراوە
وەکوو شێری ژیان هەستاوە تێک قرمێنە پێشمەرگە
بە زۆری بازوو قەڵت و بڕ دەکا زنجیری بێدادی
دەبا هەستین لە ئامێزی گرین کوردینە پێشمەرگە
وەکوو پڕشنگی خۆری ڕۆژی ڕزگاریی سەیر کەن چۆن
گەڕینی ڕەوڕەوەی مێژوو حەماسە نوێنە پێشمەرگە
دە هەستن ڕیز گرن لەم ڕۆژە پیرۆزە کە پێویستە
لە ڕێی قوربانی دانێن چونکە کێو لەرزێنە پێشمەرگە
لە مێژووی شۆڕشا وەک تاقە ئەستێرەی تەماشا کەن
بزانن ڕێکخەری شۆڕش، ڕەوت بزوێنە پێشمەرگە
ئەتۆش هاودەنگ لە گەڵیا " قادری" بڕوانە سەیری کە
لە چاوی دوژمنا دڕکە و چیا خەمڵێنە پێشمەرگە

شێعری ئەحمەد قادری

سەرچاوە
Serchawe

# مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆماری تورکیا و مکانیزمەکانی دەسەڵاتداری لە دوێنی و ئەمڕۆدا




ن: هیوا پەناهی

مامۆستای زانستە سیاسی کۆمەڵایەتییکان، زانکۆی پاندیۆس، ئاسینا

ئەم وتارە بە ئەم مەبەستە نووسراوە چونکە ناوەندێکی توندی شەڕ وپێک دادان دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە لایەن زل هێزەکانەوە بۆ جارێکی دیکە لە مێژووی هاو چەرخمانٕدا کوردوستانە، ئەوە شەڕێکی قورس لە کوردوستانی سوریە -تورکیا لە ئارا دایە و هەر چەندە مکانیزم وە ماشێنی مەرگ دژی کورد قەد لە لایەن ئەووڵاتانەی کوردییان لێ هەیە ڕانەوەستاوەبۆئەم مەبەستە دەبێ ئێمەش بە نۆرەی خۆمان بتوانین بیر.وە توانای هەمبەرەکانمان بناسین وئەو ڕووداوانەی لە دونیا روو دەدات خوێندنەوەی ژیرانەیان بۆ بکەین دۆڕاو گەلی ئێمە نەبێت کە پاشان تەنیا لاواندنەوە و شیوەنمان بۆ بمێنێتەوە.

١.١ تورکانی سەلجووقی لە سە دەی ١١ زایینییەوە بۆ یەکەم جار پێیان نایە ئاسیای بچووک وناوەندەکانی ناو ئیمپراتۆری بیزانس کە ئیمپراتووری ڕۆمی شەرقیان پێ دەگوت کەجیاوازە لە گەڵ ئیمپراتۆری ڕۆمی غەربی ڕۆژئاوایی لە زۆر بواردا هەبوو، بو نموونە لە بەشی ڕۆژئاوادا کلیساکی کاتۆلیک و سەدەکانی ناوەڕاست فەزایەکی کۆنە پەرەستانە دەرمارگرژی زاڵ بوو وە دژایەتی هەمە جۆرەی زانست و کلتوورو خەڵکی دەکرد. بە پێچەوانەوە ئیمپراتووری ڕۆمی ئۆرتۆدۆکس - شەرقی کە پایتەختیان شاری کۆستاندینوپۆلی بوو- ئیستانبوول بوو بۆ هەزار ساڵ شارستانیەت ودەسڵاتێکی تایبەت ومرۆڤییان هەبوو بە پێ سەر چاوەکان وە لێکۆلەرانی ئەم بوارە.گرینگی ' ڤیزاندیۆس ' لە مە دایە کە زمانی یوونانی زمانی ڕەسمی ئەم سیستە سیاسیە بووەوبە گشتی ڕۆحیانەتی مێژوویی یوونانیەکان خاڵێکی سەرەکی وحاشاهەڵنەگرە. هەر وەک چۆن مرۆڤ لە دایک دەبێ و ە لا ناو ڕووداوەکاندا کاراکتری خۆی بنیات دەنێ پیر دەبێ و تێک دەچێ ئیمپراتووری ' بیزانس -ڤزاندیۆس ' بە ڕەو رووی سەردەمێک دەبێتەوە کە لە ناو خۆیدا تێک دەچێ * تورکانی سەلجووقی بۆ یەکەم جارپێ دەنێنە ناو ئاخی ئاسیای بچووک لە ساڵی ٢٦ی ئاگوستی ١٠٧١ زایینی لە شەڕی ' مە لازگرد' سوپای بیزانس نسکۆ پێ دێنن وە ئەمە دەبێتە سەرەتایە ک بۆ هەڵوەشاندنەوەی بە تەوای لە ساڵی ٢٩ مای ١٤٥٣ زایینی بە دەستی تورکانی سەلجووقی.

هەر وەک دەزانین تورکانی سەلجووقی بە شێوەی پێوەندیە خزمایەتی و ژن هێنان لە گەلانی ناو ئیمپراتووری فارسی بوون بە خاوەن دەسەڵاتی تایبەت بە جۆرێک کە پەرەیان بە ئەدەبی فارسی دەدا کە بتوانێ پشتیوانیان بکات بۆیە بە هاتنیان بۆ ناوچەی دەسەڵاتی 'بیزانس 'ناوەندەکانی دەسەڵاتی یوونانی - ئورتۆدۆکس ' بە دەستەوە گرت بەڵام بە ڕۆحیانەتی ئوسمانی - سونە ی حەنەفی..

ئیمپراتوورییەکان بە کۆ هەموویان پێک هاتوون لە گەلانی جۆر بە جۆر وە دەوڵەتی کۆماری تورکیە درێژە ی ئەم سییستەمە یە .

' ئۆسمانیزم ' بە ئەو مکانیزمە دەگوترێ کە کۆمەڵەی ' ئیتحاد و ترقی ' بە کاری دەبرد بۆ ئەوەی ئەو گەلانەی مابوونەوە لە ناو ئیمپراتووریدا بیانخاتە خزمەتی ئەم ئایدئۆلۆژییە، بۆ ئەم مەبەستە ساڵی ١٩٠٨ بە پێک هێنانی یاسایەکی بنەڕەتی و ئینجا دامەزراندنی سیستمی پارلەمانی.

خاڵی لاوازی یاسای بنەڕەتی وەک دەگوترێ ئەمە بوو کە مانای ' میلەت ' مانای ئایینی هەبوو وە هەر ئەمە خاڵە ش رچاو کرا لە پەیمانی ' لۆزان ' دا کوردەکانی تورکیە تووشی سڕینەوەی پێناسی بوون کە هەتا ئەم ساتە سیاسەتی سەرەکی تورکەکانە لە بەرانبەر هەموو کوردێکدا بە گشتی.

** خاڵی دیکە دەستووری نوێ نەبوونی ' کۆمەڵگای ڕووناکبیر ' و شار نشین تورک لەو دەمەدا هەر بۆیە هەوڵەکان سەقەت مانەوە لە ناو کۆمەڵگا شوێن و پێگەی پێویستیان نەدۆزییەوە.

*** خاڵی سێهەمی لاوازی دەستووری سەرەکی ئەمە بوو کە پڕانی ئەو کەسانەی ڕووناکبیر بوون و لە توێژی شار نشین و گەلانی ئایین و کەلتوورەکانی دیکە بوون کە هۆی نیگەرانی و بێ قەراری ڕۆحی کۆمەڵگایان بوو وە دۆڕانی شەڕەکانی 'بالکان ' ساڵی ١٩١٢ وای لە تورکەکان کرد کە گرینگی بە ناسیۆنالیستی خۆیان بە شێوەیک بدەن کە زۆڵم و ناڕەوای دیکەیان دۆزییەوە بۆ ئەم مەبەستە. لە پلەی یەکەمدا لە هەموو شارە گەورەکاندا ئەو تایبەتمەندی بێگانەکان هەیانبوو لێیان سەندرایەوە، زمانی ڕەسمی کرا بە تورکی تەنانەت لە بواری ئابووریشدا.

پلەی دوهەمی ئەم مکانیزمە دەر کردنی گەلانی ئایینەکانی دیکە بوو لە ناوەندە گرینگە ئابوورییەکان **

هەر بۆیە لە کاتی ڕوودانی شەڕی یەکەمی جیهانی بەرە بەرە بەم جۆرە بناخەکانی کۆمەڵگای شارنشینی تورک پێک هات.هەر لە درێژەی ئەم هەوڵانە دەبا ناوچەکانی ئاسیای بچووک لە باری ئایینی زمانییەوە یەک دەست بکرێن ساڵی١٩١٤ کۆمکۆژی ئەرمەنییکان بە ئاسانی بۆیان چووە پێش وە ئەمە دەستی واڵا کردن بۆ جنۆسایدی یوونانیانی ناوچەکانی ' پۆندۆس '.

کۆمەڵگای تورکیا لە شەڕی یەکەم وە دووهەمی جیهانی د خەریکی خۆ ساز دان ورێک خستنی تایبەت بوون وە کۆماری تورکیە بە کەڵک وەرگرتن لە بارۆدۆخی ژئێۆپۆلیتیکی ئەو دەم هەم لە فاشیستەکانی ئاڵمان هەم لە بلشۆڤیکەکان کەڵک وەر دەگرن. هەر چەندە دەوڵەتی ئەو دەمی تورکیا ساڵی ١٩٢٣- ١٩٣٠ دان بە ئایینە جیاوازەکاندا دەنێ وەک چۆن لە پەیمانی ' لۆزان ' هەیە بەڵام لە ژیان ڕۆژانە دەبا هەموو شتێک تورکی بوایە وبەم جۆرە لە بایەخی دەوڵەت و دەسەڵات لە وڵاتانی ئورووپا بچن لە کاتێکدا ئەمە بە پێچەوانەی ویستی گەلانی ناو ئیمپراتووری ئۆسمانی بوو چونکە هێندێک لە نەتەوەکان یەک سەدە پێش ڕزگاری نەتەوەکانی خۆیان دیتبوووەک یوونانیکان و سربەکان پێناسی ڕۆحی و ویژدانی گەلانی خۆیان هەست پێ دەکرد نە یاندەویست ببن بە تورک .

لە سەدرەمی بە هێزی ئیمپراتووری ئۆسمانی یشدا ئۆسمانییەکان سێ شەڕدا باڵکانیان گرت و ئەم شەڕانە زەحمەتی و قورسی نەبووبۆیان موسڵمانی بالکان کەمن و لە چەند شاری گەورەن.ئەمە بە پێچەوانەی ئاسیای بچووک وناوچە کوردنشینەکانە کە لە سەدەی ١١تا ١٥ زایینی وە هێنانی تورکەکان بۆ ناوچەکە وە سڕینەوەی لە ئەرمەنی، یوونانی وە لەو دەمەوە کوردەکانی تورکیا خەریکی بەرخودانن لە گەڵیان بۆ مانەوە لە سەر خاکێک کە قەد داگیرکەری نەبووەو بە هەزاران ساڵ لەوێ دەژی.وەک سەر چاوەکان دەڵێن ' نیۆ تورکەکان ' پەنا دەبەنە بەرسوپای ئاڵمانی فاشیستی ئەوانیش پێیان دەڵێن کە دەبێ یوونانی و ئەرمەنییەکان نەمێنن چونکە دەترسان دژی قازانجەکانیان بە ڕەو باڵکان بچن.

مکانیزمی ' جێنۆساید ' ناوی ' تەشکیلات مە خسووسە ' لە خۆ گرت سێ سوپاسالار فەرمانی کوشتنەکانیان دا وەک دەگوترێت. پاش هاتنە سەر دەسەڵاتی ' مستەفا کەمال پاشا ' ئیتر تورک بوون وەک ناوی خوای لێ هات هەر جۆرە نافەرمانێک بە توندی لەم بارەوە وڵام دەدرایەوە.

سەرچاوە
Serchawe

ڕژێمی ئەمڕۆی تورکیا گەورەترین سوپای ئافریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی و ئۆرووپا هەیە، ئەم سوپا هەتا بناخەی گوێ تەیارە بە مۆدێرنترین چەکەکانی دونیا وە ئەمە سوپا وە درێژەی دەسەڵاتی ئیمپراتووری ئۆسمانییە نەک تورکیە واتە هەموو شتێک گۆڕا، خەڵک تەفروتوونا کران بەڵام ئەو مکانیزمانەی دەسەڵات بۆیان مانەوە،ناوەکان وناوچەکان لە باری دیمۆگرافییەوە شڵەژان ،مێژوونووسەکەنیان بە داتاشینی درۆ پەرتووکەکانی قوتابخانەکانیان پڕ کرد لە نەفرەت لە بەرامبەر هەر شتێک کە مۆرکی ڕەپەزپەرەستانەی پێیەوە نەبوو.
بەشی کۆتای سرپینەوەی یوونانیکان لە سپتامبری ١٩٥٥ دەست پێ دەکات ئەم دەست وەشاندنە وەک شارەزایان بە وردی باسی لێوە دەکەن ناوی ' پروگرۆم 'بووە کە پێشتر ۴۶ کۆمەلەی بە هێزی ئابووریانیان کرد بە یەک لە ژێر ناوی 'تەک متحولە ' دەکرێت بگوترێت ئەمە فزە ووزەی بن بڕکردن بۆیە لە ماوەی شەش کاتژمێر دا هەڕەشەیان لێ کردن وە خەڵکی یونانی شاریان دەر کرد ودەستیان بە سەر ماڵ و داراییاندا گرت.

## ڕژێمی کۆماری ئیسلامی تورکیا:

لە ئەم بەشەی وتارەکەماندا باس لە ئەردۆغان و داوود ئۆغلوو دەکەین ئەم دوو کەسە بە جۆرە مانۆڕێک خۆیان نەرم ئایینی و شتی وا بە دونیای نێودەوڵەتی ناساند.
* ئەردۆغان پێش سەرۆک وەزیری قەساب بووە لە ئیستانبوول لە مەدرەسە ئایینی ۶ ساڵ خوێندوویەتی. باوەڕی وایە وەک ئیسلامی یەک کە مزگەوت ناوەندی دەسەڵاتە، کۆڵەکەکەنی مزگەوت بە باوەڕ ناو دەبات وخەڵکی ناو مزگەوت بە شەڕکەران ناو دەبات و مریدی 'فەتح ئوڵا گولەن ' لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەژی وئەم قوتانخانەگەلەی بە ناوی ' ئێشک ' لە دونیادا بڵاوەیان کردووە وانەی ئایینی ئیسلامی دەڵێنەوە بە کار دەهێندرێن بۆ پڕوپاگەنەدەی ' پان تورکیزم '.
لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەوە ئەردۆغان راوێژکاری کارو باری نێودەلەتی ' داوود ئۆغلوو' بووە وە چەند ساڵە بۆتە وەزیری دەرەوەی تورکیا.
لە بەشی سێهەمی وتارەکەمان باسی ' دەکەین بۆ دەبێ ئێمەی کورد بناسین؟
'داوود ئۆغلوو' لە دایک بووی ' تاشکەندە دایکی تاجیکە وباوکی تورکە، وەک پرۆفسوری زانکۆکانی 'مەڕمەڕە ' و 'بیلگە ' کاری کردووە و تێزی دۆکتۆراکەی لە ژێر ناوی ' ئارمانجی درێژ خایەن ستراتژی تورکیا ' باس لە کۆمەڵێ خەت و نیشان دەکات بۆ تورکیا وداهاتووی تورکیا پێش بوونە وەزیری دەرەوە بە ماوەی هەشت ساڵ راویژکاری ئەردۆغان بووە.
'داوود ئۆغلوو' و ەک تێۆریسیەن بەرهەمەکەی کە زیاترلە ٨٠٠ لاپەڕەیە خوێندوومەتەوە بە یوونانی وەک کتێبێکی پۆلیتیک وشێوەی هەڵسووکەوتی سیاسی دەتوانین بڵێین کە سەر چاوەیەکی جێگەی تێڕوانین وبایەخدارە.کەسێکە باڵا دەست لە بەیان ورەوانیدا فیکردا، هەروەها مێژوو لە زۆر جێگا خڕ دەکاتەوە و ئەم کۆمبەندی کردنانەی حاڵەت و روخساری ' تە عارف 'سیاسی پێیەوە دیارە بە پێ لێکدانی نووسەری ئەم وتارە ئەم هەڵسووکەوتە سیاسی ودیپلۆماتیکە لە فارسەکانەوە بۆماوەتەوە.
بیری وخەونی 'داوود ئۆغلوو' دەتوانین بڵێین سەر چاوە دەگرێ لە چالاکییەکانی ' سوڵتان عەبدولحەمید ' دووهم، کەسێک کە بۆ کۆمەلەی ' ئیتحاد وتەرەقی ' شێوەی موریدی هەبوو.
کەمالییەکان هەر لە ئەو دەمەوە دوو باڵ بوون، باڵێک کە ' سێکتاریستەکانیان ' پێدەڵێن کە ئەم لایەنە یارمەتی ' لێنین ' و بلشویکەکانی هەبوو وئنگلیزەکانیش یارمەتی ' مستەفا کەمال پاشا ' ( ئاتا تورک ) دا چونکە چاوی بە وڵاتانی دیکە وئەو سنوورانەوە نەبوو کە زل هێزەکانی ئەو دەم دابەشیان کردبوو.
بەڵام باڵێکی دیکە یان کە ئەمڕۆ ئێمە کورد ڕووبەڕوویانین وە ئەمانە ئارەزووو خەونی دەسەڵات بە سەرسێ کوچکەی دونیادا دەبینن.
بۆ پاڵ پشتی تیۆرییەکە سیاسیەکەی سێ شت دەکات:* بە کاری هێنانی ئاشتی ( ئەو ئاشتی و تەباییە ی خۆیان مەبەستیانە )** چارەسەرکردنی گرفتەکان لە گەڵ جیرانەکان *** قازانجی هەم خۆیان و هەمبەرەکانیان،ئەم جۆرە تەعارۆف گەلە ' نێوئۆسمانی ' وە پیشان دانی ئوسمانییەکان وەک فریشتەو دەسەڵاتی نموونەیی خۆی لە خۆیدا ڕەت دانەوەی تێۆرییەکەیە.بۆ وێنە ئەوەی خۆیان بۆ عەرەبەکان باوک وبرا پیشان دەدەن هیچ بناخەیەکی لە مێژووی ئۆسمانی دا نموونەی بەر چاو هەڵسووکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە گەڵ ئەندامای سوپای ' ینی چاری 'ئەوانەیان وا دایکیان خەڵکی گەلانی غەیرە عەرەب بوون لە میسر، ئەلجەزایر و ئەندۆنیزیدا ' گارد ئۆجاق دانێ ' بوون بە هیچ شێوەیەک بەشداری ناوەندەکانی دەسەڵاتی کە بە ئابوورییەوە پەیوەست بوو نەبوو.
سێ شوێن وناوچە دونیا بە گرینگ دادەنێ بۆ خەونی ' نێۆ ئۆسمانیک ' :
*لە مەدیتەرانە ی شەرقی دا دەریای ' ئێژە ' وە بۆ خۆی لە بەرهەمەکەیدا دەڵێ" ئەوەی کە کۆی دەسەڵاتی ئێژە ' بە دەستی یوونانەوەیە گرفتێکی مەزنە بۆمان بۆ دەسەڵاتداریمان لە خۆرهەڵاتی نزیک ودونیادا
** لە بالکان دا ' بۆسنی و ئالبانیا ' یان بۆ گرینگە. وەهەر وەها قبرس کە لە ساڵی١٩٧۴ وە بەشێکی ئەم دوورگەیان داگیرکردووە بە بیانووی هەبوونی تورکەمان وپاراستنیان و ۴٣٠٠٠ سوپاییان هەیە لە قبرس.
***لە خۆرهەڵاتی نزیک واتە کوردوستان وناوچە کورد نشینەکان گرینگە بۆیان لە باری دەسەڵاتەوەو لە خۆ ڕا نەبوو دابەزی بە بێ پرس لە 'کەرکووک '.
دیپلۆماسی تەعارۆف بۆ ئێمە لە سەدەی ٢١ دا بۆ ئێمە دەبێ بێ مانا بێ وا پێمان ناکرێت هەنگاو هەڵگرین ئینجا تێۆری برای وبرادەی بۆ ڕەقیبی سیاسی بێ بناخەیە و دەبێ بزانن لایەنە سیاسیەکانی کورد کە بارودۆخەکە ئالۆزەو ئەگەری تەفرو توونا کردنی گەلەکەمان هەیە دەنگیان یەک بخەن دەسەڵات گەلێک کە کۆی ئەم میکانیزمەیان هەیە بە ئا ئەم سادەی و ساکارییە لە کۆڵمان نابنەوە. بێ گومان یەک دەنگی کورد و هێزەکانی وحکوومەتی هەرێم کوردوستان وە کۆمەلەی کوردی لە دەرەوەی وڵات زەمانەتی ژیان وژیانەوەی کوردە لە سەدەی بیست و یەکەمدا.

---

ژێدەر:

سوپاس و پێزانین بۆ پرۆفسۆری هاوڕێم Speros Vryonis
لە بەشی زانستە کانی خاوەری نزیک لە 'هاروارد' بەرهەمە بە نرخەکانی لەم بوارەد ا
هەر وەها پرۆفسۆر ڕووناک دڵ وتاقانە،باوکی یوونانی خۆم ' نێۆکلیس ساریس ' کە ساڵی پار کۆچی دوایی کرد بەردەوام پێ دەگوتم دەبێ ئاگا داربن ناوچە یەکی کوردوستان نەکەن بە دەوڵەت لێ گەڕێن زل هێزەکان بەشەکانی دیکەی کوردوستان داگیکەران جنۆسایدی بکەن "
سەرچاوە : ڕۆژهەڵات تایمز

# پرسە نەتەوەییەکان و چینایەتیەکان لەم دەورانەدا



ئاسۆ حامدی

**سەرەتایەکی پێویست؛**

ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەند خەریکە دیسان ئاڵوگۆڕ داوادەکات، ئەزمونەکانی بەهاری بەناو عەرەبی، سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق و قەیرانە سیاسیەکان، قەیرانە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان، رۆڵی ئەمەریکا و رۆژئاوا لە دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەرنامە ئەتۆمیەکانی هاودەنگ لەگەڵ ئیسرائیل بۆ سەرنەکەوتنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانی و هەڵسان و شەڕەکانی سوریا و هەڵویستی حکومەتی سوریای بەعسی فاشیزم و پارچە پارچە بونی کورد لە سنوری رۆژئاوای، کە رەنگدانەوەی مێژوی سیاسی و حیزبی کوردستانە لە گشتدا (کوردستان لێرەدا بەمانای شمولی دێت نەک هەر بەشی هاوبەش لەگەڵ فیدراڵیەتی عێراق). کاریگەری سەرەکی تورکیا لە ئابوری کوردستان و بنەما و ژێرخانی کۆمەڵگا هەروەها دابەشبونی هەڵوێستی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە رۆڵی تورکیا و ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەند و رۆڵی حوکمڕانی لە وڵاتی عێراقدا، لەگەڵ رۆڵی سەرەکی تورکیا لەگەڵ میرنشینە عەرەبەکان لە ئاڵوگۆڕی سیاسی بۆ سوریا، هەمو ئەمانە موژدەی خۆش نین بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەم دەورانەدا. مانگرتنەکانی زیندانیانی سیاسی لە کوردستانی باکور و هێرشەکانی سوپای تورکیە بۆ سەر کوردستان و هاتنەدەستی گەریلاکان لە بەرگری وڵاتدا.

دەست واڵابونی سەرمایە و کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، زیادبونی بێکاری و چونە سەری نرخی کاڵاکان و بێ باوەڕی کۆمەڵانی خەڵک بە چارەنوسییان بەتایبەتی گەنجانی وڵات و سەرکوتی سیاسی لە هەرێم و کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی ناموسپەرستی و قۆرخ کردنی دەسەڵات لەلایەن بنەماڵەی جیاجیا، ئەمانە هەمویان وەزعی گەلیان تێکداوە هەروەها نەبونی بیمەی بێکاری کافی و ئەمنیەتی کار و نەبونی رێکخراوی کرێکاری، کە فدراسیۆنێکی هەمەلایەن بێت بتوانی تەواوی کێشەی کرێکاران و کارمەندان لە گرێبەستی ساڵانە و تایبەتدا بە بەردەوامی رێکبخات و خاوەنکار وادار بکات بەشان دانە بەر چاککردنی ژیان و گوزەرانی کرێکاران، کە گەلی بەرهەمهێن. هەروەها رۆڵی پان ئیسلامیزم لە ئاڵوگۆڕەکان و دوبارە بانگەشە بۆ کۆنەپەرستی و هەلوەرگرتن بۆ بەرەو بەرەسازی و هاتنەوە سەر سەحنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەگەرچی لە باری سیاسیەوە بە خۆشیەوە هەروا لە پەراوێزی روداوەکانن، بەڵام سەرمەقولاتەکانیان مایەی دڵخۆشکەر نین لە کوردستاندا.

**گرفتە سەرەکیەکان؛**

میللەتی کورد گرفتە سەرەکیەکەی دوبارە و سەد بارە دەکاتەوە، کە ئەویش وەکو رونە ناتەبایی ریزەکانیەتی یان یەکنەگرتنیەتی لەبەرامبەر هێزە دژەکان لە ناوچەکە و ئەمە گرنگترین فاکتەری لاوازی نەتەوەییە لە مێژوی هاوچەرخدا و بۆ هەمو کەسیش رونە و هەموانیش داواکاری دەکەن لە وتەدا، بەڵام لە پراکتیکدا هەمویان دژیانن. هەربۆیەش دوژمنانی نەتەوەیی کورد لەم نێوەدا زۆر ئاسان سود لەم فاکتەرە وەردەگرن و گەل بە دەستی یەک بەکوشت دەدەن و چارەنوسی ئاسایشی نەتەوەیش دەبێتە قوربانی و ستراتیژی نەتەوەیی و قازانجی بەرزی نەتەوەیی سمکۆڵ دەکرێن. سەردانەکانی سەرکردە سیاسیەکان بۆ وڵاتانی دەوروبەر و شارەکانی وەکو دیاربەکر و کەرکوک نمونەی زیندون کە ختابی سیاسی گەلی کورد ناکۆکە لەگەڵ پرسە نەتەوەییەکانی ئەم دەورانە. ئەم دەورانە رێک داوای دو شت دەکات لە سەرکردایەتی سیاسی بۆ مەسەلە نەتەوەییەکان ئەوانیش؛

یەکبونی و یەکدەنگی لە ختابی سیاسی و هەڵوێستی پراکتیکی دا.

بەهێزکردنی بەرەکانی ناوەخۆ (یانی چاککردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک لە گشتدا).

**بەهێزکردنی بەرەکانی ناوەخۆ؛**

ئەمە بەمانا چینایەتیەکەی لە بەشێکی کوردستان دا کە دەسەڵاتی سیاسی هەیە، یانی نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان چینە جیاجیاکان و بونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و شەفافیەت لە ئیدارە و ...هتد. ئەگەرچی ئەم دەسەڵاتەی ئیستا عاجزە بەرامبەر زۆرێ لە پاکێچەکانی چاکسازی خودی خۆشیان نەک ئۆپۆزسیۆن و داواکاریەکانی چاکسازی شەقامی کوردی، بەڵام ئەگەر هەنگاوی جدی بنرێت هێشتا دابەشکردنێکی عادیلانەی سامانی نەتەوەیی کۆمەکیەکی کۆمەکیەکی زۆر دەکات بە کۆمەڵانی کرێکاران و زەحمەکێشی ئەم هەرێمە و ئاستی ژیان و گوزەرانیان بەرزتر دەکاتەوە، هەروەها بونی فدراسیۆنێکی کرێکاران و کارمەندان لەم نێوەدا دەتوانێ کۆمەکی باش بێت...

**یەکبون و یەک دەنگی لە ختابی سیاسی و هەڵویستی پراکتیکیدا؛**

ئەمە زیاتر لە روبەدەرەوە داواکاریەکی فەوری و هەنوکەییە میراتی حکومەتی حیزبی ئەم ناهاودەنگیەی فەرزکردوە، هەمو هاوپەیمانیەتیەکانی ئاستی نەتەوەیی بۆ بنبەست بردوە، بۆ سەرهەڵدانەوەی یەکگرتنی نەتەوەیی تەنها چارە مساوەمەیە لەسەر ئاستی حیزب بۆ قازانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمە زۆر زەحمەتە لە دونیای فەزای سیاسی کوردستاندا، چونکە ناکۆکیەکان ئەوەندە قوڵ بۆتەوە زۆرجار سازش بۆ دوژمنانیان لەلا باشترە تا بۆ خودی نەتەوەکەی بکات. ئەمە گرفتێکی کەلتوریشە بەداخەوە تاکەکانی میللەتی کورد هەردەم بێگانەیەکیان پێ لە خۆدی تاکی نەتەوەکەیان لەلا باشترە و

ریزی زۆرتریشی لی دەگرن.
بەکورتی ئەم دەورانە دو لایەنی دەوێ کە ئەمیش لەیەکدا دەکرێ کۆبکرێنەوە بە هێزو یەکدەنگ و هێرشکەر دژی هێزە دەرەکیەکان و سازش و نەرم و نیان و خزمەتکاری نەتەوە. ئەمەی ئەمرۆ هەموی پێچەوانەیە، ئەگەر ئەم رەوشە لە سیاسەتی سەرکردایەتی کورد بەردەوام بێت ئەوە گەل قوربانی زۆرتریش دەدات وەک لە مێژوی سیاسی خۆیدا داویەتی. بونی ستراتیژیەکی نەتەوەیی دورست بۆ گشت ناوچەکانی نەتەوەی کورد لەگەڵ کۆدەنگییەکی هەماهەنگ خزمەتێکی نیشتمانی گەورەیە، ئەم دابەش بونە لە سیاسەتی حیزبیە دژی ئاسایشی نەتەوەییە و خزمەت بە چارەنوسی گەل ناکات لەلایەکی تر بێ باوەڕی کۆمەڵانی خەلک بە حکومەت و دەسەڵات لە هەرێمدا هەمان مەسەلەیە.
یەکێ لە تاقیکردنەوە سەرەکیەکانی ئەم دەورانە بۆ میللەتی کورد چەند پرۆسەیەکی زیندو هەن لەمانە؛

شکست هێنان بە ئۆپراسیۆنی دیجلە و یەکگرتوبونی کورد لە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان.
چاککردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک و دروستکردنی باوەڕ لەنێوان کۆمەڵانی خەڵک و حکومەت بەتایبەتی گەشەدان بە لاوان و گەنجان و هەمو کۆمەڵگا.
شکست هێنان بە رۆڵی تورکیا لە کوردستانی سوریا و پاراستن لە داخوازیە رەواکانی گەلی کورد لە رۆژئاوای کوردستان.

بەکورتی؛

تێگەیشتن لە وەزعیەتە جینایەتی و نەتەوەییەکان لەم دەورانە زۆر پیویستن تابتوانن هاوسەنگی لە ناوەخۆ رابگرن و ئاستی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەکێشانی وڵات بەرزببێتەوە، خەڵکی حکومەتی کوردستان بە حکومەتی خۆی بزانێ و لە روبەدەرەوەش دەسکەوتە نەتەوەییەکان بچەسپێنن و پارێزەری سەرەکی بن بۆئەوەی ئاسایشی نەتەوەیی نەکەوێتە ترسناکیەوە. لێرەشدا دەستورێکی مۆدێرن بۆ یەکەوەژیانی گشت نەتەوە جیاجیاکان و بیروڕا جیاجیاکان لە یەک کۆمەڵگادا پێویستیەکی مێژویە.
بەڵام ئەگەر هەر حوکمی حیزب و بنەماڵە بێت و دەسەڵاتێ نا دیموکراسی و ناشەفاف بێت و گەندەڵی لە بەرزترین لوتکەی دابێت و دەستورێکی مۆدێرن و بەیەکەوەژیان نەبێت، ئەوا گەل هەر بە بەرەی ناوەخۆ خەریک دەبێت و ناتوانێ ئەرکە نەتەوەیی و جینایەتیەکانی بە یەک ئاست بباتە پێشەوە. ئەمەش یانی خولانەوە لە یەک بازنەی مێژوی دیارکراو و داهاتویەکی نادیاردا.

سەرچاوە: ماڵپەری سبەی



# زانست

لە ویکیپیدیا، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد

زانست مرۆڤی گەیاندە سەر گۆی مانگ. لە ٢١ی جوولایی ١٩٦٩ دا نیل ئارمسترانگ و باز ئاڵدرین بە ئاپۆلۆ ١١ گەیشتنە سەر مانگ. پێکەوە پیاسەیانکرد و نموونەیان کۆکردەوە و وێنەیان کێشا. ئەم وێنەیە نیل ئارمسترانگ کێشاویە لە باز ئاڵدرین کە پشتی لێمان کردووە.

زانست، لە گشتگرترین ڕاستێنەی خۆیدا، هەر جۆرە کردە و ڕاهێنانێکی ڕێکخراوی لەسەر زانین بنەڕەتنراو یان شیاوی نواندنە کە دەتوانێت سەرچاوکەی چەشنێک ئاکام یان دەرهاتی شیاوی پێشبینیکردن بێت. لەم ڕاستێنەیەدا، زانست دەکرێت ئاماژەیەک بێت بە کردە یان ڕێکارێکی زۆر شارەزایانە[١]. لە ڕاستێنەی بەرتەسکتری هاوچەرخیدا، زانست ڕێکخستنێکە بۆ بەدەستهێنانی زانین لە سەر بنچینەی پێڕەوی زانستی[٢].

ئەم وتارە لەسەر واتای بەرتەسکتری وشەکە وردەبێتەوە. زانست بەو شێوەیە کە لەم وتارەدا قسەی لێدەکرێت هەندێجار پێی دەوترێت زانستی ئەزموونی؛ ئەمە بۆ جیاکردنەوەیە لەگەڵ زانستی بەکاربراو کە بەکاربەری لێکۆڵینەوەی زانستییە لە بڕێک پێداویستییەکانی مرۆڤدا - هەرچەن ئەم دووە زۆرجاران پێکەوە گرێدراون.

زانست تێکۆشانێکی بەردەوامە بۆ دۆزینەوە و زۆرکردنی تێگەیشتن و زانینی مرۆڤ لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی یاسامەندەوە. بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازگەلی دەستبەسەرداگیراو، زانستمەندان، بەڵگەی شیاوی ڕوانین بۆ دیاردە سروشتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان کۆدەکەنەوە، دراوەگەلی شیاوی پێواندنی گرێدراوی ڕوانینەکان تۆماردەکەن، زانیارییەکان شیدەکەنەوە، ئەوکات سەبارەت بە چۆنیەتیی کارکردنی شتەکان ڕاڤەی بیردۆزی ئاوادەکەن. پێڕەوەکانی کۆڵینەوەی زانستی ئەم دوو قۆناغە لەبەردەگرن:

1. پێکهێنانی گریمانەکان سەبارەت بە چۆنیەتیی کاری دیاردەکە و پاشان
2. تاقیکردنەوە، کە ئەم گریمانەگەلە لە ژێر هەلومەرجی دەستبەسەرداگیراودا هەڵدەسەنگێنێت.

هەروەها، زانستمەندان، لێیان چاوەڕواندەکرێت کە زانیارییەکانیان بڵاوبکەنەوە تاکوو زانستمەندانی دیکە بتوانن بۆ دووبارە پشکنینی دەرەنجامەکانی ئەوان تاقیکردنەوەی هاوشێوە بکەن. لە ئاکامەکانی ئەم ڕەوتە توانای تێگەیشتنی باشتر لە ڕووداوەکانی ڕابردوو و هەروەها پێشبینیکردنی باشتری ڕووداوەکانی داهاتووی هاوچەشنە.

## دابەشاندنی بنەڕەتی

باوە کە گۆڕەپانەکانی زانست دابەشبکرێن بە دوو کۆمەڵەی سەرەکییەوە:

١- زانستە سروشتییەکان، کە لە دیاردەکانی سروشت دەکۆڵنەوە،

٢- زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ئاکاری مرۆڤ و لە کۆمەڵگا دەکۆڵنەوە.

ئەم دووە پێیان دەوترێت زانستە ئەزموونییەکان. وشەی ئەزموونی واتە زانین دەشێت بنەڕەتی لەسەر دیاردەی شیاوی ڕوانین و شیاوی تاقیبوونەوە بێت تاکوو بکرێت لەلایەن لێکۆڵەرانی ترەوە دروستییەکەی بسەلمێندرێت[٢].

هەروەها لقی تری زانستگاییش هەیە کە دەکەوێتە ناو زانستە بەکاربراوەکانەوە، وەکوو ئەندازیاری.

لە ناو ئەم پۆلانەدا، گۆڕەپانی زانستیی پسپۆرانەی وا هەیە کە دەتوانێت هەندێک لە توخمەکانی گۆڕەپانە زانستییەکانی تر لەخۆبگرێت؛ هەرچەندە ئەوانە زۆرتر زاراوە و کۆمەڵە شارەزاییەکانی تایبەتی خۆیانیان هەیە.

بیرکاری کە دەکەوێتە ناو زانستە شێوەییەکانەوە، هەم لە زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان دەچێت و هەم ژی جیاوازیی هەیە لەگەڵیاندا. لەیەکچوونیان لەوەدایە کە هەردووکیان توێژینەوەیەکی ورد و ڕاستەقینە و ڕێکخراوی بەرینایییەک لە مەعریفەت تێوەدەگلێنن و جیاوازیشیان لە شێوازی سەلماندنی مەعریفەتە بەدەستهاتووەکەدایە[٢][٣].

زانستە شێوەییەکان، کە هەروەها ئامار و لۆژیک لەوانەن، بۆ زانستە ئەزموونییەکان زۆر گرنگ و بنچینەن. پێشکەوتنی گەورە لە زانستە شێوەییەکاندا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی گەورە لە زانستە ئەزموونییەکاندا. زانستە شێوەییەکان بۆ شێوەدان بە گریمانەکان، بیردۆزەکان و یاساکان زۆر پێویستن؛ هەم لە دۆزینەوە و هەم ژی لە شرۆڤەکردنی ئەوەی کە شتەکان چۆن کاردەکەن (زانستە سروشتییەکان) و خەڵک چۆن بیردەکەنەوە و چۆن هەڵسوکەوتدەکەن (زانستە کۆمەڵایەتییەکان).

## مێژووی زانست

ئەگەرچی توێژینەوەی ئەزموونی لە جیهانی سروشتی لە ڕۆژگارانی کۆنەوە قسەی لێ کراوە و پێڕەوە زانستییەکان لە سەدەکانی ناوین بەم لاوە بەکارهێنراون، بەڵام بەرەبەیانی زانستی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەردەمی نوێ لەدرێژەی ئەو شتە کە بە شۆڕشی زانستیی سەدەکانی ١٦ هەم و ١٧ هەم ناسراوە.[٤]

پێش دەستپێکی سەدەی ١٨ هەم، زاراوەی باو بۆ ئاماژە بە لێکۆڵینەوەی سروشت فەلسەفەی سروشتی بوو. ئاخێوەرانی ئینگلیزی بە گۆڕەپانەکانی دیکەی فەلسەفە (وەکوو لۆژیک، مەعریفەتناسی، مێتافیزیک و ڕەوشت) دەیانوت "فەلسەفەی ڕەوشتی" (بە ئینگلیزی: **moral philosophy**). ئەمڕۆکە "فەلسەفەی ڕەوشتی" کەم تا زۆر هاوواتایە لەگەڵ ڕەوشتدا. لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٧ و سەرەتاکانی سەدەی ١٨ دا، زانست و فەلسەفەی سروشتی هێشتا بەتەواوی هاوواتا نەبوون، بەڵام تەنیا تۆزێک دواتر، لەگەڵ بەکارهێنانی ڕاستەخۆی ئەو شتەی کە بە شێوەی فەرمی خەریکبوو وەکوو پێڕەوی زانستی ناوبانگی دەردەکرد، بوون بە هاوواتا و ئاماژەپێکەری یەکتر. لە بەرانبەردا، لە سەدەی ١٧ هەمدا، وشەی **science** (= زانست) لە زمانی ئینگلیزیدا هێشتا بۆ ئاماژەکردن بە چەمکی ئەرەستوویی زانین بەکاردەهێنرا کە ئەوەندەی پێویست پتەو و دڵتێرکەر بوو کە بتوانێت بۆ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی هەندێک شتان پێشنیارێکی باش بێت. لە ئەم واتا جیاوازەی دوو وشەکەدا بوو کە فەیلەسووف جۆن لۆک لە ١٦٩٠ دا سووکایەتیهێنەرانە نووسی: "فەلسەفەی سروشتی [توێژینەوەی سروشت] ناتوانێت لە زانستێکەوە بخولقێت".

سەرچاوە
Serchawe

لە سەرەتاکانی سەدەی ١٨ هەمدا، فەلسەفەی سروشتی گەرەکییوو لە فەلسەفە جیابیێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرجاران واتایەکی زۆر بەرین و گشتگری لە خۆیدا هەڵگرتبوو. لە زۆر بابەتاندا، واتای زانست خەریکبوو دەبوو بە زانینی جێی متمانە سەبارەت بە شتێک، کە ئەمڕۆکەش لە هەندێک زاراوەی نوێدا (وەکوو زانستی سیاسی، زانستی کۆمپیوتەر) لە ئاوەها واتایەکدا بەکاردەبرێت (پێشەکیی ئەم وتارە ببینە). سەبارەت بە واتا بەرتەسکترەکەی زانست، کە فەلسەفەی سروشتی دەبەسترایەوە بە کۆمەڵێک یاسای باش-پێناسەکراوەوە (بە یاساکانی گالیلەی، یاساکانی کێپلەر، و یاساکانی نیوتنەوە دەستپێکرا)، ئاماژەکردن پێی وەکوو زانستی سروشتی باوتر دەبوو. زێدەتر، لە درێژەی سەدەی نۆزدەهەمدا، خواستێکی پەرەگرتوو هەبوو بۆ هاوسەنگکردنی زانست لەگەڵ لێکۆڵینەوەی جیهانی سروشتی (واتە جیهانی نامرۆڤی) دا. ئەمە هەندێجار لە کۆتاییی سەدەکە و سەرەتای سەدەی دواییدا لێکۆڵینەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگای (کە دواتر ناونرا زانستی کۆمەڵایەتی) دەخستە ناو بەرزەخێکی زماننا‌سییەوە.

لە درێژەی سەدەی ١٩، زۆرێک لە ئاخێوەرانی ئینگلیزی-زمان هەر ڕۆژ زیاتر جیاوازییان دادەنا لەنێوان science (= زانست) و شێوەکانی تری زانینەوە. زاراوەی "پێڕەوی زانستی" تا ئەو کاتە بەکارنەدەهێنرا، بەڵام دوای ١٨٧٠ ئیتر داکەوتبوو، هەرچەند کە بەدەگمەن پێکهاتێکی گشتی سەبارەت بە واتاکەی هەبوو. وشەی "scientist" لە زمانی ئینگلزیدا (= زانستیار یان زانستمەند لە کوردیدا) یەکەمجار ساڵی ١٨٣٣ لەلایەن ویلیام هیووەڵەوە بەکارهێنرا. وتوێژی زانستیاران وەکوو تاقمێک لە خەڵک کە کاریان زانستە، لە دوایین نیوەی سەدەی ١٩ هەمەوە گەشەی کرد. ئیتر خەڵک لە بەرتەسکترین ڕاستێنەدا، واتە بەکارهێنانی پێڕەوی زانستی و ئەو زانینەی کە لە گرتنەبەری پێڕەوی زانستییەوە بەدەستدێت و بەئاشکرایی لە دیکەی مەڵبەندەکانی تێکۆشانی مرۆڤ جیا دەکرێتەوە، وشەی زانست و زانستیار و زاراوەگەلی هاوشێوەیان بەکاردەبرد.

لە سەدەی بیستەمدا، گرێی نێوان زانست و تەکنۆلۆژی توندتر بوو.

## پێڕەوی زانستی

**DNA پێکهاتەی زگماکیی هەموو ژیانە ناسراوەکان دیاریدەکات.**

میتۆدێکی زانستی دەگەڕێت بە دوای دۆزینەوەی ڕاڤە بۆ ڕووداوەکانی سروشت بە شێوەیەکی شیاوی لەبەرگرتنەوە و بەکارهێنانی ئەم لەبەرگرتنەوانە بۆ پێشبینیکردن. ئەمە لە ڕێگەی ڕوانین لە دیاردە سروشتییەکان و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان دێتەدی.

پاش ڕوانین لە دیاردەکە، زانستمەندان مودێل دروستدەکەن. واتە تێدەکۆشن بە گوێرەی نواندنێکی بیرکارییانە یان فیزیکی یان لۆژیکی دیاردەکە وەسفبکەن. هەر کە بەڵگە ئەزموونییەکان کۆکرانەوە زانستمەندان دەتوانن بۆ ڕاڤەی دیاردەکە گریمانە پێشنیار بکەن. پێویستە گریمانەکان تاقیبکرێنەوە و هەرکات گریمانەیەک جێی ڕەزامەندی نەبوو دەستکاری دەکرێت یان یەکسەر بەدوادەدرێت.

لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکاندا، لەوانەیە زانستمەندان یەکێک لە دەرهاتەکان (ئاکامی تاقیکردنەوەکان) بە باشتر بزانن و بیەن بە سەر دەرهاتەکانی تردا؛ گرنگ ئەوەیە کە دڵنیا بن ئەم هۆگرێتییە کارتێکەر نابێت لەسەر ئەو ڕاڤەیەی دەیانەوێت بۆ دیاردەکە پێشکەشی بکەن. لەبەرگرتنی میتۆدێکی زانستیی چڕ و سوورلەسەر، زۆر پێویستیی هەیە بە تێکۆشین بۆ بە کەمکترین ئاست گەیاندنی کاریگەرییەکانی هۆگرێتی و بەسەرداداانی یەکێک لە دەرهاتەکان بەسەر ئەوانی تردا. ئەمە دەتوانرێت بە داڕشتنی دروستی تاقیکردنەوەکان و بە داوەریکردنی ئاکامی تاقیکردنەوەکان و هەروەها بە دەرەنجامگرتنەوە لە تۆژینەوەکان بێتەدی. پاش ئەوەی ئاکامی تاقیکردنەوەکان ڕاگەیێنران یان بڵاوکرانەوە، لێکۆڵەر و تۆژینەرە سەربەخۆکان بۆیان هەیە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کۆڵینەوەکە دووبارە بپشکنێنەوە و بۆ ئەوەی بزانن کە ئاکامە سەربەخۆکان لەوانەیە چۆن بن، تاقیکردنەوەی هاوشێوە ئەنجامبدەن.

کاتێک گریمانەیەک بەسەرکەوتوویی لە تاقیکارییەکان هاتەدەرەوە، لەوانەیە پەسەندبکرێت کە ببێت بە چوارچێوەی بیردۆزێکی زانستی.

## بیرکاری

بیرکاری بۆ زانستەکان بنچینەیە. یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی بیرکاری لە زانستدا ئەو ڕۆڵەیە کە لە دەربڕین و ڤەگۆتنی مودێلە زانستییەکاندا دەیبینێت. چاودێری و کۆکردنەوەی پێوانەکان، هەروەها گریمانەکردن و پێشبینیکردن، زۆرجار پێویستیی بە بەکارهاوردنی بەربڵاوی بیرکاری هەیە. بۆ نموونە، ژمێرە، جەبر، ئەندازەزانی، سێگۆشەزانی، و تەواوکاری و جیاکاری بۆ زانستی فیزیک بنچینەن. لە ڕاستیدا هەموو لقەکانی بیرکاری شیاوی بەکارچوونن لە زانستدا تەنانەت ئەو لقانەی کە پێیان دەوترێت بیرکاریی پەتی وەکوو بیردۆزی ژمارەکان و تۆپۆلۆژی.

شێوازە ئامارییەکان کە ڕێکارگەلی بیرکارییانەی پوختەکردن و شیتەڵکردنی دراوەکانن، لە هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی ئاستی جێگەی متمانەبوون و سنووری جۆراوجۆریی ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا یاریدەری زانستمەندانن. شیکاریی ئامارییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە زانستە سروشتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا.

## کۆمەڵەی زانستی

کۆمەڵەی زانستی پێکهاتووە لە سەرجەم دەستەی زانستمەندان، پێوەندییەکانیان و هاوکارییەکانیان. کۆمەڵەی زانستی دابەشدەبێت بە چەن بن-کۆمەڵەوە کە هەر یەکیان خەریکی کارن لە گۆڕەپانێکی تایبەت لە زانستدا.

## لقەکانی زانست

لقەکانی زانست پۆلەکانی بە شێوەی بەربڵاو دانپێنراوی شارەزایی لە زانستدان کە هەر کامەیان کۆمەڵە زاراوەکانی تایبەتیی خۆیان هەیە. هەر گۆڕەپانێک یان هەر لقێک لە زانست لەلایەن ژمارەیەک گۆڤاری زانستییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت کە ئەنجامی کۆڵینەوەکان لەو لقە یان ئەو گۆڕەپانە بڵاودەکەنەوە.

سەرچاوەکان

١. ↑ پێناسەی وشەی science (بە ئینگلیزی)
٢. ↑ ٢٠٠ ٢٠١ ٢٠٢ پۆپەر، کارڵ. لۆژیکی کۆڵینەوە (بە ئاڵمانی: **Logik der Forschung**) یان لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی (بە ئینگلیزی: ***The Logic of Scientific Discovery***).
٣. ↑ لە بیرکاریدا، بەپێچەوانەی زانستە ئەزموونییەکانەوە، سەلماندن لەڕێگەی ئەزموون و تاقیکارییەوە نییە.
٤. ↑ ڕۆشنگەری لە ئەورووپادا - شۆڕشی زانستی (بە ئینگلیزی)

سەرچاوە
Serchawe

# پەیوەندیی نێوان ڕەوشت و نەریت و لێبووردەیی.



جوانە ئەسوەد

با لە چەند نموونەیەکی زیندەبەچاڵکردنی منداڵ لە نێو ئەسکیمۆییەکان و زیندەبەچاڵکردنی کچ لە نێو کۆمەڵگە نەریتییەکانەوە دەستپێبکەین:

زیندەبەچاڵکردنی منداڵ لە ناو بەفردا تا دەمرد لە ڕووی ڕەوشتی نەریتییەوە لە نێو ئەسکیمۆییەکان پەسند کرابوو.. کە زۆرینەیان (منداڵی کچ) بوون، هەروەک لە چەند کۆمەڵگەیەکی دیکەش نەریتی زیندەبەچاڵکردنی کچ لە ڕووی ڕەوشتی نەریتییەوە پەسند بوو، بەڵام لە چەند کۆمەڵگەیەکی دیکە ئەو دیاردەیە کارێکی نارەوشتیی بوو.

دانانی ئەو دیاردەیە بە کارێکی نارەوشتیی، نە (چوونەنێو)ە بۆ دەستتێوەردانی نەریتی ئەسکیمۆییەکان یان نەریتی زیندەبەچاڵکردنی کچ نە مەحکومکردنیانە بەڵکە تەنیا پەسندنەکردنیانە، دوان لە ڕەوشت بەو شێوەیە پێناسەیەکی ڕوونی نییە جگە لە ڕامان و ڕەچاوکردنی ڕەوشت لە ڕووی باشە و خراپەوە لە لایەن کۆمەڵگەیەک یان گرۆیەکەوە.. چونکە ئەو جۆرە دیاردانە دەچنە نێو چەمکی باشە و خراپە کە لەمێژە فەیلەسووفان مشتومڕیانە لەسەری، با وای دابنێین شتێک نییە کە هەقیقەتێکی ڕەوشتی هەستپێکراو بێ، لەوانەیە ئەوە گوماناویی بێ نەک لەبەر ئەوەی دەربارەی هەقیقەتی باشە و خراپە بێ ئاگاین، بەڵکو بیرێکی بینچینەی هەیە دەبارەی هەقیقەت.. ئەویش دەڵێ: "هەقیقەت بوونی نییە" بەڵام دەکرێ بە چەند تێبینییەکی جیاواز لێی بدوێین وەک ئەوەی بڵێین ڕەوشت شتێکی دەروونییە وەک چۆن تاک هەستی پێدەکا یان دەوەستێتە سەر را و بۆچوونی ئەو تاکە و لە بارودۆخێکی تایبەتدا، بە هەر شێوەیەک بگوترێ لە ڕووی گومانەوە (هەقیقەتی ڕەوشتی هەستپێکراو) تارماییە و لە واقیعدا بوونی نییە. گەر وا بێ با بزانیین لە فەلسەفەی گوماناوییدا ئەو بیرۆچکەیە لە چوارچێوەی مشتومڕی نەریتی جیاوازدا تا کوێ ڕاستە، ئەگەر ئەوە لەسەر بناغەی ئەو نموونانەی کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێکردن بۆ کۆدی ڕەوشتی و نەریتیی ئەسکیمۆییەکان و زیندەبەچاڵکردنی کچ دروست بێ، بەڵام هاوکات هەڵە و خراپن هەروەک کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی هەر دین و ئایدیۆلۆژیایەک بێ هەڵە و خراپە، کەواتە هیچ کەسێک ناتوانێ ڕەخنە لە هیچ کارێکی نارەوشتیی کۆمەڵگەیەک یان گرۆیەک بگرێ لەبەر ئەوەی تەنیا پەیوەندییدارە بە نەریتی یەک کۆمەڵگە یان چەند کۆمەڵگەیەکی دیکە، هەروەک لە فەلسەفەی ڕێژەییشدا هاتوە دەڵێ هیچ هەقیقەتێکی گەردوونیی لە چەمکی ڕەوشتدا نییە.. هەروا هیچ پێوەر و پێوانەیەکی گشتی دیارکراویش نییە بۆ دادوەرییکردنی باشتربوونی کۆمەڵێک لەویدیکە.

بۆ فەلسەفەی ڕێژەیی نموونەیەک لەسەر بارودۆخی کوردستانی ئێستا دەهێنینەوە؛ ئەگەر خەلکی کوردستان گەندەڵیی یان شەڕی نێوخۆ بە بیانووی بارودۆخی ناسکی حکومەتی کوردی پەسند بکەن.. ئەوە دەبێ لێرەدا حکومەتی کوردی وەک ڕەوشتی سیاسیی بە هەموو گەندەڵییەکانیەوە پەسند بکرێ، کەواتە لێرەدا جگە لە لێبووردەیی هیچی دیکە بۆ کۆمەڵگەی کوردی نامێنێتەوە، لێرەدا فەلسەفەی (پەیوەندیی کۆمەلایەتی)ی (ڕۆسۆ و هۆبز و جۆن لۆک) لە سەردەمی خۆیاندا و (جۆن ڕاولس) بۆ ئێستا وەک بناغەیەکی سکیولاری ڕەوشتیی بەرسڤی پرسیارە کۆنەکان بوون بۆ ڕەوشتی تاکەکەسیی و فەلسەفەی گۆشەگیریی. ژیانی پێکەوەبوون لە پێناوی سوودگەیاندن بە یەکتر لە ژێر یاسایەکی گونجاو بۆ گشت، هەر لێرەشدا چەند پەیمانێکی نەگوتراویش لە نێوان خەلک و حکومەتدا بوونیان هەیە کە پەیمانگەلێکی ڕەوشتیی و سوودمەندانەن، هەر کاتێک ئەو پەیمانانە لەق بوون ڕەوشتی سیاسیی دەگۆڕێ بۆ گەندەڵیی و ستەم، لە لایەن کۆمەلگەشەوە ئاژاوە و شۆڕش بەرپا دەبێ کە ئەوە بابەتێکی درێژترە بەڵام پەیوەندییدارە.

ئەو ڕەوشتی نەریتییە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لە کۆمەلگە فرە نەریتییەکان کە لە ئێستادا برەوی پێ دەدرێ.. وەک دەیبینین دەکرێ تاکێکی تاراوگە چەندین باکگراوەندی جیاوازی بە چەند بەهایەکی جیاوازەوە هەبێ (لەوانەیە هەندێک لەو بەها و نەریتانە رای جیاوازیان لەسەر بێ بەڵام لای زۆرینە پەسندە) بۆ نموونە کوشتنی ئەو ژنانەی لە دەرەوەی نەریتی باوی کۆمەڵگەی خۆیان پەروەردە دەبن، سەرەڕای هەموو ئەو یاسایانەی دابین کروان، ژنان بە دەستی برا و باوکیان هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرێ، لێرەدا دوو هەڵبژاردن هەیە بۆ ئەو خەلکە یا ئەو گرۆیە نەریتییانە:

یەکەم: هەڵبژاردنی نەریتی ڕەوشتیی کە سەرەنجام بە کوشتنی ژنان کۆتایی دێ.. ئەویش لە پێناو وەدەستهێنانەوەی ڕەوشتی نەریتیی میللییە، هاوکات هەر ئەو خەلکە یان گرۆیە چاوپۆشیی لە ژنانی ئەو ولاتە دەکەن کە تێیدا دەژین.. ئەوەش دەچێتە نێو چەمکی لێبووردەیی سەپێنراو و زۆر جار تێکەڵبوونیش لە تەکیاندا دروست دەبێ، لێرەدا خەلکانی تاراوگەی تێکەڵبوو وەک گرۆیەکی بە ڕەفتار نەریتیی کار دەکەن بۆ پاراستنی ڕەشتی نەریتیی، کە ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی نەتەوەپەرستیی و پارێزگاریی دەرەوە و ناوەوە یان ناخ و ڕووی ئەو پەیوەندییە بۆ بەرسڤدانەوە و بوژانەوەی شانازیی و شکۆمەندیی، هەر گرۆیەکیش نەریتی باوی خۆی بە شکۆتر دەزانێ و کۆششیش دەکەن ئەو نەریتە بخرێتە نێو چوارچێوەی چەمکی ڕەوشتەوە، دیارە لێرەدا دین کاریگەرییەکی تەواوی هەیە بۆ سەر ئەو گرۆیانە کە وەک جوو دەڵێن ئێمە مرۆڤی هەڵبژاردەین، عەرەب خۆیان وا دەبینن کە بەرزترین خەلکن لەبەر ئەوەی پێغەمبەر لەوانە، ڕۆمان و گریک هەموو کۆمەڵگەکانی دیکەیان بە بەربەریی دەزانی چونکە خۆیان ئازاد بوون و ئەوانیدی دەکران بە کۆیلە.

دووەم: هەڵبژاردنی چوونە نێو یاسای ئەم کۆمەڵگەیەی کە ژن کۆشتنی تێدا قەدەغەیە بە پەسندکردنی نەریتێکی تازە کە دەچێتە نێو چوارچێوەی ڕەوشتی گەردوونیی کە کەم تا زۆر لەدەستدانی نەریتی باوە، بەلام ئەگەر بێتو ڕاستیی ئەو پەسندکردنە گەشە بکا بۆ باوەڕێکی خۆشگوزەرانیی و توانای وەبەرهێنانی فۆرمێکی تازە و فراوانکردنی کاریگەریی سوودبەخش بۆ چاککردن نەک ڕووخاندن لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگە، ئەو کاتە خوو و نەریتی میللیی وەک ڕەفتاری بەرزی سروشتیی تێیاندا گەشە دەکا، لەوێشەوە هەر ئەم خوو و نەریتە تازانە دەبنە نەریت بۆ داهاتوویان.

بە بڕوای من هێزی بنچینەیی پرینسپڵی ڕەوشت بۆ هێزی هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە، هەمیشە کۆنەپەرستان ڕاگری هەڵبژاردنی نەریتی میللیین، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆ دەبێ ئێمە پەسندی کۆمەڵێک بکەین کە هەڵبژاردنەکانی لەسەر بناغەی گەندەڵیی و ستەم و کوشتن بێ؟ کە خۆمان هەڵبژاردنی باشترمان لەبەردەستدا بێ بۆ وەدستهێنانی نەریتێکی باڵا و گونجاو بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بە بێ جیاوازیی ڕەگەزیی.

١٢ی نوامبری ٢٠١٢

سەرچاوە : ماڵپەری ئەمرۆ

سەرچاوە
Serchawe


باراک ئۆباما یەکەم سەرکۆماری ڕەش پیستی ئامریکا
بە بۆنەی پەنجا و حەوتەمین هەڵبژاردنەکانی
سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووکانی ئامریکا

## لیستەی سەرجەم سەرۆک کۆمارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا

| ریز | ناوی سەرکۆمار | | ڕێکەوتی دەست بەکار کردن | کۆتایی ماوەی سەرکۆمار | لایەنی سیاسی | جێگر سەرکۆمار | دەورە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جۆرج واشینگتون | ١٧٩٩- ١٧٣٢ | ٣٠ی ئاوریلی ١٧٨٩ | ٤ی مارسی ١٧٩٧ | بێ حیزب | جان ئادمس | دوو دەورە |
| ٢ | جان ئادەمس | ١٨٢٦- ١٧٣٥ | ٤ی مارسی ١٧٩٧ | ٤ی مارسی ١٨٠١ | فیدرالیێست | تامس جیفرسن | یەک دەورە |
| ٣ | تامس جیفرسن | ١٨٢٦- ١٧٤٣ | ٤ی مارسی ١٨٠١ | ٤ی مارسی ١٨٠٩ | حیزبی دێموکراتی کۆماری | ئارۆن بۆور، جۆرج کلینتۆن | دوو دەورە |
| ٤ | جیمز مادیسن | ١٨٣٦- ١٧٥١ | ٤ی مارسی ١٨٠٩ | ٤ی مارسی ١٨١٧ | حیزبی دێموکراتی کۆماری | ئالبریچ گیری | دوو دەورە |
| ٥ | جێمز مۆنرۆ | ١٨٣١- ١٧٥٨ | ٤ی مارسی ١٨١٧ | ٤ی مارسی ١٨٢٥ | حیزبی دێموکراتی کۆماری | دانیل تامپکێنس | دوو دەورە |
| ٦ | جان کۆئینسی ئادامس | ١٨٤٨- ١٧٦٧ | ٤ی مارسی ١٨٢٥ | ٤ی مارسی ١٨٢٩ | حیزبی دێموکراتی کۆماری | جان کاکهۆم | یەک دەورە |
| ٧ | ئاندرۆ جەکسن | ١٨٤٥- ١٧٦٧ | ٤ی مارسی ١٨٢٩ | ٤ی مارسی ١٨٣٧ | حیزبی دێموکرات | جان کاکهۆم،مارتین ون بۆرن | دوو دەورە |
| ٨ | مارتین ڤان بۆرن | ١٧٨٢- ١٨٦٢ | ٤ی مارسی ١٨٣٧ | ٤ی مارسی ١٨٤١ | حیزبی دێموکرات | ڕێچارد جانس | یەک دەورە |
| ٩ | ویلیام هینری هریسن | ١٨٥٧- ١٧٧٣ | ٤ی مارسی ١٨٤١ | ٤ی ئاوریلی ١٨٤١ | حیزبی ویگ | جان تایلر | یەک مانگ |
| ١٠ | جان تایلر | ١٨٦٢- ١٧٩٠ | ٤ی ئاوریلی ١٨٤١ | ٤ی مارسی ١٨٤٥ | حیزبی ویگ | -------------- | یەک دەورە |
| ١١ | جیمز ناکس پۆلک | ١٨٤٩- ١٧٩٥ | ٤ی مارسی ١٨٤٥ | ٤ی مارسی ١٨٤٩ | حیزبی دێموکرات | جۆرج دالاس | یەک دەورە |
| ١٢ | زاگری تیلۆر | ١٨٥٠- ١٧٨٤ | ٤ی مارسی ١٨٤٩ | ٩ی جولای ١٨٥٠ | حیزبی ویگ | میلارد فیلمۆر | ١٦ مانگ |
| ١٣ | میلارد فیلمۆر | ١٨٧٤- ١٨٠٠ | ٩ی جولای ١٨٥٠ | ٤ی مارسی ١٨٥٣ | حیزبی ویگ | ----------- | سێ ساڵ |
| ١٤ | فرانکلێن پیرس | ١٨٦٩- ١٨٠٤ | ٤ی مارسی ١٨٥٣ | ٤ی مارسی ١٨٥٧ | حیزبی دێموکرات | ویلیام کێنگ | یەک دەورە |
| ١٥ | جێمز بۆکانان | ١٨٦٨- ١٧٩١ | ٤ی مارسی ١٨٥٧ | ٤ی مارسی ١٨٦١ | حیزبی دێموکرات | جان برکێنریچ | یەک دەورە |
| ١٦ | ئابراهام لێنکن | ١٨٦٥- ١٨٠٩ | ٤ی مارسی ١٨٦١ | ١٥ی ئاوریلی ١٨٦٥ | حیزبی کۆماریخواز | هانیبال هەملێن | یەک دەورە |
| ١٧ | ئاندرۆ جانسن | ١٨٧٥- ١٨٠٨ | ١٥ی ئاوریلی ١٨٦٥ | ٤ی مارسی ١٨٦٩ | حیزبی دێموکرات | | یەک دەورە |
| ١٨ | ئۆلیس سیمون گرانت | ١٨٨٥- ١٨٢٢ | ٤ی مارسی ١٨٦٩ | ٤ی مارسی ١٨٧٧ | حیزبی کۆماریخواز | شایلر کۆلفاکس،هنری ویلسن | دوو دەورە |
| ١٩ | ڕۆترفۆردبیرچادرهیس | ١٨٩٣- ١٨٢٢ | ٤ی مارسی ١٨٧٧ | ٤ی مارسی ١٨٨١ | حیزبی کۆماریخواز | ویلیا، ویلر | یەک دەورە |
| ٢٠ | جێمز ئابرام کارفێلد | ١٨٨١- ١٨٣١ | ٤ی مارسی ١٨٨١ | ١٩ی سیپتامبری ١٨٨١ | حیزبی کۆماریخواز | چستر ئالن ئارتۆر | ٥ مانگ |
| ٢١ | چستر ئالن ئارتۆر | ١٨٨٦- ١٨٢٩ | ١٩ی سیپتامبری ١٨٨١ | ٤ی مارسی ١٨٨٥ | حیزبی کۆماریخواز | ----------- | یەک دەورە |
| ٢٢ | ستیفن گراوۆر کلیولند | ١٩٠٨- ١٨٣٧ | ٤ی مارسی ١٨٨٥ | ٤ی مارسی ١٨٨٩ | حیزبی دێموکرات | تامس هندریکس | یەک دەورە |
| ٢٣ | بنیامین هریسون | ١٩٠١- ١٨٣٣ | ٤ی مارسی ١٨٨٩ | ٤ی مارسی ١٨٩٣ | حیزبی کۆماریخواز | لۆی مۆرتۆن | یەک دەورە |
| ٢٤ | ستیفن گراوۆر کلیولند | ١٩٠٨- ١٨٣٧ | ٤ی مارسی ١٨٩٣ | ٤ی مارسی ١٨٩٧ | حیزبی دێموکرات | ئادلای ستیونسن | یەک دەورە |
| ٢٥ | ویلیام مک کینلی | ١٩٠١- ١٨٤٣ | ٤ی مارسی ١٨٩٧ | ١٤ی سیپتامبری ١٩٠١ | حیزبی کۆماریخواز | گرت هۆپارت،تئۆدۆر ڕۆزولت | یەک دەورە |
| ٢٦ | تێئۆدرۆ ڕۆزولت | ١٩١٩- ١٨٥٨ | ١٤ی سیپتامبری ١٩٠١ | ٤ی مارسی ١٩٠٩ | حیزبی کۆماریخواز | چاڵرز فیربنکس | دوو دەورە |
| ٢٧ | ویلیام هووارد تافت | ١٩٣٠- ١٨٥٧ | ٤ی مارسی ١٩٠٩ | ٤ی مارسی ١٩١٣ | حیزبی کۆماریخواز | جیمز شرمن | یەک دەورە |
| ٢٨ | تامس وودرۆ ویلسن | ١٩٢٤- ١٨٥٦ | ٤ی مارسی ١٩١٣ | ٤ئ مارسی ١٩٢١ | حیزبی دێموکرات | تامس مارشاڵ | دوو دەورە |
| ٢٩ | وارن هاردینگ | ١٩٢٣- ١٨٦٥ | ٤ئ مارسی ١٩٢١ | ٤ئ مارسی ١٩٢٣ | حیزبی کۆماریخواز | جان کالوین کۆلیج | سی سال |
| ٣٠ | جان کالوین کۆلیچ | ١٩٣٣- ١٨٧٢ | ٢ی ئاگوستی ١٩٢٣ | ٤ی مارسی ١٩٢٩ | حیزبی کۆماریخواز | جارلز دیویس | ٦ ساڵ |
| ٣١ | هەربرت هۆور | ١٩٦٤- ١٨٧٤ | ٤ی مارسی ١٩٢٩ | ٤ی مارسی ١٩٣٣ | حیزبی کۆماریخواز | چارلز کۆرتیس | یەک دەورە |
| ٣٢ | فرانکلین دلانۆ ڕۆزوڵت | ١٩٤٥- ١٨٨٢ | ٤ی مارسی ١٩٣٣ | ١٢ی ئاوریلی ١٩٤٥ | حیزبی دێموکرات | جان گارتر، هری ترومن | سێ دەورە |
| ٣٣ | هری ئەس ترۆمن | ١٩٧٢- ١٨٨٤ | ١٢ی ئاوریلی ١٩٤٥ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٥٣ | حیزبی دێموکرات | ئالبن باەکلی | دوو دەورە |
| ٣٤ | دۆایت ئایزنهاۆر | ١٩٦٩- ١٨٩٠ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٥٣ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٦١ | حیزبی کۆماریخواز | رحچارد نێکسۆن | دوو دەورە |
| ٣٥ | جان ئیف کەنەدی | ١٩٦٣- ١٩١٧ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٦١ | ٢٢ی نوامبری ١٩٦٣ | حیزبی دێموکرات | لێندون بنیر جانسن | دوو ساڵ |
| ٣٦ | لێندون بنیر جانسن | ١٩٧٣- ١٩٠٨ | ٢٢ی نوامبری ١٩٦٣ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٦٩ | حیزبی دێموکرات | هۆبرت هامفری | ٦ ساڵ |
| ٣٧ | ریچارد نێکسۆن | ١٩٩٤- ١٩١٣ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٦٩ | ٩ی ئاگوستی ١٩٧٤ | حیزبی کۆماریخواز | ئسپیرۆ ئەنگنیو. جرالد فۆرد | ٥ ساڵ |
| ٣٨ | جرالد فۆرد | ٢٠٠٦- ١٩١٣ | ٩ی ئاگوستی ١٩٧٤ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٧٧ | حیزبی کۆماریخواز | نلسون راکفلر | یەک دەورە |
| ٣٩ | جیمی کارتیر | ١٩٢٤ - ..... | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٧٧ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٨١ | حیزبی دێموکرات | والتر مۆلدین | یەک دەورە |
| ٤٠ | ڕۆنالد ویلسن ریگان | ٢٠٠٤- ١٩١١ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٨١ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٨٩ | حیزبی کۆماریخواز | جۆرج هربرت واکر بۆش | دوو دەورە |
| ٤١ | جۆرج هربرت واکربۆش | ١٩٢٤-..... | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٨٩ | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٩٣ | حیزبی کۆماریخواز | دن کۆئیل | یەک دەورە |
| ٤٢ | بیل کلێنتۆن | ١٩٤٦- ..... | ٢٠ی ژانوییەی ١٩٩٣ | ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٠١ | حیزبی دێموکرات | ئاڵ کور | دوو دەورە |
| ٤٣ | جۆرج واکر بۆش | ١٩٤٦- ..... | ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٠١ | ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٠٩ | حیزبی کۆماریخواز | دیک چەینی | دوو دەورە |
| ٤٤ | باراک ئۆباما | ١٩٦١- ..... | ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٠٩ | ٢٠ی ژانوییەی ٢٠٠٦ | حیزبی دێموکرات | جۆزف بایدن | دوو دەورە |

سەرچاوە
Serchawe




## سەرماوەز ٢٧١٢ کوردی Sermawez

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ١ 21 | ٢ 22 | ٣ 23 |
| ٤ 24 | ٥ 25 | ٦ 26 | ٧ 27 | ٨ 28 | ٩ 29 | ١٠ 30 |
| ١١ 1 Dece | ١٢ 2 | ١٣ 3 | ١٤ 4 | ١٥ 5 | ١٦ 6 | ١٧ 7 |
| ١٨ 8 | ١٩ 9 | ٢٠ 10 | ٢١ 11 | ٢٢ 12 | ٢٣ 13 | ٢٤ 14 |
| ٢٥ 15 | ٢٦ 16 | ٢٧ 17 | ٢٨ 18 | ٢٩ 19 | ٣٠ 20 | ٣١ 21 |

ڕەحمان نەقشی

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە، لە ئامادە و بڵاو کردنەوە : ڕەحمان نەقشی
r_ neqsi@yahoo.ca

سەرچاوە
Serchawe